# ليبراڵ ديموكراسی له تێگەیشتنی دێویدا

م.ی. هیمداد محمود حمەصالح

زانكۆی ڕاپەڕین

كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەكان

بەشی فەلسەفە

**پوختە**

ئەم تویژینەوەیە دابەشدەبێت بە سەر سێ ڕەگەزی پەیوەندیدار لە هزری دێویدا دەربارەی كۆمەڵگای لیبراڵ ديموكراسی. هەروەها شیكاریانە دەكەوێتە دوای فەلسەفەی پراكتیكیانەی دێوی، بۆ ئەوەی وەك یەك تاكە تیۆری شرۆڤەیان بكات. لە یەكەم وێستگەدا، دیدی ئامرازگەریانە و سروشتگەرایانەی دێوی دەخوێنینەوە كە جەخت لەوە دەكاتەوە، بیرۆكەكان یاخود تیۆریەكان وەك ئامرازێك ڕەفتار دەكەن بۆ دەسلێدان، گۆڕین یان گەشەپێدانی دۆخی ڕودانگەی ژیانی مرۆڤ. هەر بیرۆكەیەك نەتوانێت وەك ئامراز ڕەفتاربكات یان نەتوانێ بەكاربهێنرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، كەواتە ناتوانرێت وەك سودبەخش بۆ ژیانی مرۆڤ لێبڕوانرێت. ئەمە واتای ئەوەیە، كە بیرۆكەكان یان تیۆریەكان تا ئەو جێگەیە بەهادار و شایستەن بۆ گۆڕانپێدان كە بتوانن خزمەتی دۆخی هەقیقی مرۆڤایەتی بكەن. بیرۆكە و تیۆریەكان، كاتێك كە ناتوانرێت بەكاربهێنرێن بۆ گۆڕینی دۆخی باو، گەرچی لە ڕواڵەتدا وەك بیرۆكەی جوان و شیاویش دەربكەون، بەڵام كردیاریانە هەرەسیان هێناوە و هەندێكجاریش دەبنە لەمپەر.

ديموكراسی و پەروەردە وەك دوو بیرۆكەی نێوەندی لە هزری دێویدا؛ زۆربەی جار، وەك دوو ئامرازی كاریگەر بۆ دەسلێدان و گەشەپێدانی دۆخی ڕودانگەیی ژیان بەكارهێنراون. هەروەها شایانی ئەوەن بیریان لێبكرێتەوە و بەكاربهێنرێن بۆ گۆڕانپێدانێكی پۆزەتیڤی دۆخی باو. ئەم دوو بیرۆكەیە پەیوەندیدارن و یەكتری تەواو دەكەن. هەروەها دەتوانن ژیانی مرۆڤ بەرەو ئاستێكی باڵاتر بەرن، چونكە لە پەروەردەدا، بەهاكان و ئەزموونی ديموكراسی دەتوانرێت لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە بگوازرێتەوە.

وەك دوا خاڵی ئەم تویژینەوەیە، ئێمە پێشناری ئەوە دەكەین كە لیبراڵیزم و ئازادی تاك لە چوارچێوەی كۆمەڵگای ديموكراسیدا پەیوەندیان بەم سەرباسەوە هەیە، چونكە نەشیاوە كە ڕەچاوی ڕەخنەكانی دیوی نەكەی لە لیبراڵیزمی كلاسیكی. ئەو ڕەخنانە دەبنە دەسپێكی هزرینی پراگماتیانەی دێوی دەربارەی ئازادی تاك هەروەها چۆنیەتی ئاشنابوونی بە ماف و ئەركەكانی لە چێوەی كۆمەڵگای ديموكراتیدا. بۆ دێوی ئەو ئازادیە بێمەرج نییە وەك چۆن لە لیبراڵیزمی كلاسیكیدا بانگەشەی بۆ دەكرا، چونكە ئەمە سەردەكێشێت بۆ مۆنۆپۆڵی ئابوری، بەڵكو ئەوە ئازادیەكی سیستماتیككراوە كە تاك تیایدا دەركی ماف و ئەركەكانی دەكات كە هەنگاو بە هەنگاو پێكەوەییانە لە نێو گروپە كۆمەڵایەتی و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای شارستانیدا لە چێوەی كۆمەڵگای ديموكراتیدا پێیان ئاشنا دەبێت.

**پێشەكی:**

كورد وەك گەلێكی چەوسێنراو لە هەموو گەلانی دنیا زیاتر پێویستی بە دیموكراسی و پرۆسەی بە دیموكراتیزەبوونی كایەكانی ژیانە. باشوریش وەك هەرێمێك كە تازە لەگەڵ پرسەكانی دیموكراسی و دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی و ڕەوایەتی سیاسی و پرسە ژیانییەكانی دیكەدا خەریكە، زۆر زیاتر پێوست دەكات لەگەڵ پرسەكانی دیموكراسی و ئازادی و ماف و ئەركەكانی تاك و دەوڵەتدا دەست و پەنجە نەرم بكات. كوردستان وەك سەرزەمینێك كە شوێنی ژیانی چەندین نەتەوە و ئیتنیكی جیاوازە، هەروەها چەندین ئایین و ڕێچكەی ئایینی جیایایە، ئەمە سەرباری هەبوونی ڕێژەیەكی بەرچاوی خەڵكانی ئازادیخواز و عەلمانی لەم سەرزەمینەدا؛ ئەوە دەخوازێت كە فەزایەكی وا تیایدا بخوڵقێنرێت كە هەموو ئەم جیاوازیانە تیایدا بە یەكەوە هەڵبكەن بتوانن خۆیانی تێدا بدۆزنەوە و هیچ لایەك هەست بە پەراوێزخستن و دوورەپەرێزی و بێ ڕێزی و نادادی نەكات. دروستكردنی ئەم فەزایە بۆچی گرنگە؟ ئەمە یەكێك لەو پرسیارانەیە كە وەڵامەكەی لە نێو پرسیارەكەدا خۆی ئاوەڵا دەكات، چونكە بەبێ ئەم فەراهەمكردنی ئەم فەزایە پێكەوە ژیان مەحاڵ دەبێت، هەروەها ئەم سەرزەمینە دەبێتە شوێنی بەریەككەوتن و پێكدادانی ئەم جیاوازیانە كە لە دواجاردا جگە لە ڕك و كینە و نادادی لە باربردنی ژینگەی ئارامی یەكتر قبوڵكردن ناتوانێت دەرەنجامێكی پۆزەتیف بداتە دەستەوە.

كاتێك دەرك بەم ڕاستییەی سەرەوە دەكەین، لە گرینگی پرۆسەی دیموكراسی و بە دیموكراسیبوونی كۆمەڵگا تێدەگەین. دەركی ئەوە دەكەین كە بەبێ فەزایەكی دیموكراسی كە بوار بۆ هەڵگرتن و بەیەكەوە هەڵكردنی جیاوازیەكان بكاتەوە مەحاڵە ئەم هەموو جیاوازە بتوانن بەبێ پێكدادان و كێبەركێی توند ڕێگەی بۆ دەرچوون بدۆزنەوە. هەربۆیە قسەكردن و توێژینەوە دەربارەی پرسەكانی دیموكراسی، ئازادی، فرەیی، پێكەوەژیان..تاد، دەتوانن خزمەتێكی جوان بەم دروستكردن و فەراهەمكردنی ئەم فەزایە بكەن. توێژینەوە دەربارەی ئەم بابەتانە بە لایەنی كەمەوە پێمان دەڵێت كە تەنها یەك ڕێگە و یەك شێوازی بەیەكەوە ژیان و لەگەڵ یەكتر هەلكردن لە دنیادا نییە، بەڵكو دەتوانین چەندین مۆدێل و شێوە ژیانی فرەیی لە دنیادا ببینین.

بابەتی ئەم كورتە توێژینەوەیە بریتییە لە پرسی لیبرالّ دیموكراسی لە هزری پراگماتییانەی دێویدا. بەشێوەیەك كە هەم پرسی دیموكراسی و هەم پرسی لیبرالیزم دەخاتە بەرچاو، واتە دیموكراسی بە پێداویستییەكانی و لیبرالیزم بە ئەدگار و لێكەوتەكانیەوە دەخاتە بەرباس و شرۆڤەیان دەكات. ئەمە مانای ئەوە نییە كە دەتوانرێت لەم كورتە باسەوە سەرجەم ڕێگەچارەكان ئاوەڵابكرێت، بەڵكو بەو واتایەیە كە لەنێو سەرجەم ئەم تێڕوانینانەی كە دەربارەی ئەم پرسە لە گۆڕیدان، یەكێكیان لە دیدی پراگماتییانەی دێویەوە خراوەتەڕوو و دواجار دەتوانێت وەك یەكێك لە تەرحەكان پەیوەست بەم پرسەوە بهێنرێتە ژێر لێكۆڵینەوە و لە چارەسازیەكاندا لەبەرچاو بگیرێت.

سەرەتای ئەم باس لە تیۆری ئامرازگەری دێوی دەكرێت وەك كلیلی چونەژوورەوە بۆ نێو پرسەكانی دیكە. چونكە تا لە دیدی ئامرازگەری و ئەزموونگەریانەی دێوی تێنەگەین ناكرێت لە پرسی دیموكراسی و پەروەردە تێبگەین. چونكە پرسی دیموكراسی لای دێوی كە بە تەواوی لەگەڵ پرسی پەروەردە بەیەكەوە گرێدراون و لەم توێژینەوەیەشدا بە دوای ئاوەڵاكردنی پرسی ئامرازگەریدا دێن؛ بە تەواوی لە سەر دیدە ئامرازگەریەكەی دێوی بینا دەكرێن. دیموكراسی بەبێ پەروەردە هەمیشە وەك پرۆسەیەكی ناتەواو و

ناجێگیر دەمێنێتەوە ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامەکانی کۆمەڵگای مرۆڤەیاتیدا پێشبکەوێت. واتە پرۆسەی دیموکراتی لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی پەروەردەییە و پەروەردەش وەك پرۆسەیەکی مرۆڤی پێویستە دیموکراسیانە بەڕێوەببرێت و بە تێگەیشتنی دیموکراسیانە دەوڵەمەند بکرێت، ئەگینا ناتوانێت ببێتە پرۆسەیەك بۆ هەڵگرتن و کۆکردنەوەی جیاوازیە کۆمەڵایەتی ئیتنیکی و ئاینییەکانی هەر کۆمەڵگایەك کە خوازیاری فرەیی و بەیەکەوە ژیانە. ئەم پرسەش بە تەواوی پێوستە پرسێکی سروشتی و پراگماتییانەبێت نەك بە ئاراستەیەکی یۆتۆپی و ئایدۆلۆجیانە. واتە دەبێت پرۆسەیەکبێت کە پەیوەستبێ بە پرسە ژیانییەکانی هەر تاکێك و دانەبڕابێت لە ژینگە و پرسە زیندوەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگاوە و نابێت ڕۆبچێتە ناو پرسی ئیدیاڵ و دۆخگەلێکەوە کە وەڵامی پرسە هەنوکەییەکانی ژیانی هەر تاکێك نادەنەوە.

هەموو تاکێك لە نێو هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤیدا بە بەردەوامی بەر پرسەکانی ئازادی و مافی تاك و سنورەکانی دەسەڵات یان دەوڵەت دەکەوێت. هەربۆیە ئەم پرسە وەك پرسێکی گرینگ و دانەبڕاوی ژیان هەمیشە و بەردەوام بەڵام بە شێوازی جیاواز لە نێو هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤیدا خۆی مانفێست دەکاتەوە و هەموو تاکێکی هۆشیاریش بە گرینگییەوە چاودێری ئەم لایەنەی ژیانی سیاسی دەکات لە کۆمەڵگادا. ئایا ماف و ئەرکی هەر تاکێك چییە؟ سنورەکانی ئازادی تا کوێن؟ لە کوێدا سنوری دەسەڵاتی سیاسی یان دەزگایی دەستپێدەکات؟ بە پوختی مرۆڤ بەردەوام لە شەڕی ئازادی دایە و لە هەر کۆمەڵگایەکیشدا ئەم سنورانە ناڕوون بوون دەستدرێژی بۆ سەریان هەبوو، یان سنورەکانی ئازادی نادادیان پێوە دیاربوو، جا سنوری ئازادی تاك بەرتەنگ بێت یان سنورەکانی زیاد لە پێویستبن، ئەوا بەردەوام ئەم کۆمەڵگایە لە دۆخێکی ناجێگیری سیاسیدا خول دەخوات و بەردەوام لە شڵەقاندا دەبێت تاکو بە جیاکردنەوەی ئەم سنورانە و نەهێشتنی نادادیەکان دەتوانرێت سەقامگیری سیاسی بهێنرێتە ئاراوە. لێرەوە ئاشنابوون بە تێگەیشتنی دێوی پەیوەست بەم پرسەوە دەتوانێت کۆمەکیەکی باشمان بکات لە تێگەیشتنی گرینگی ئەم پرسە بۆ هەر کۆمەڵگایەك کە خوازیاری دیموکراسی و ئازادی و بەیەکەوەژیانە.

ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەییانە ئەم پرسانە لە تێگەیشتنی دێویدا دەکاتە بابەتی ئەم توێژینەوە و بە کورتی بەڵام بە پوختی لایەنە گرینگەکانی پەیوەندیدار بەم باسانەوە بە زمانێکی فەلسەفیانە دابڕێژێتەوە و لە ڕێی ئەم توێژینەوەیەوە تێگەیشتنێکی دروست بۆ هزری ئەم بیرمەندە ئاوەڵا بکات، بەڵام بە مەبەستی سودگەیاندن بە پرۆسەی دیموکراسی و دیمکراتیزەبوونی کۆمەڵگا، چونکە ئاشنابوونی بە هزری ئەو کۆمەکیمان دەکات تا ببینین چەندە هزری ئەم فەیلەسوفە کاریگەری بە سەر داڕشتنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵگای ئەمریکییەوە هەبووە و چەندەش یارمەتی ئەو کۆمەڵگایەی داوە ڕووە و باڵابوون و قبوڵکردنی یەکتری و ڕێکخستنەوەی جیاوازیەکانیان.

### ١ . تیۆری ئامرازگەری

پراگماتیزمی کلاسیکی بە گشتی لە ژێر کاریگەری داروینیزمدا بوو، چونکە تێڕوانینەکانی داروین دەیتوانی چەکی بەرەنگاربوونی دێکارت بداتە ئەم فەیلەسوفانە بۆ ئەوەی جەخت بکەنەوە لەوەی کە مرۆڤ لە ژێر کاریگەری دەوروبەردایە و سروشت هەمیشە کاریگەرە بەسەر مرۆڤەوە. (**Sundin**) بەڵام لە سەرەتادا

تێڕوانينه فەلسەفيەكانى دێوى* به تايبەتى له ژێر كاريگەرى هێگڵ و ئايدياليزمى كانتيزمى نوێدابوو بوو. گەرچى دواتر وەرچەرخا و به ڕێگەى تويێژينەوەكانييەوە دژ به دواليزمى هۆش و جەستە، زەرورەت و ڕێكەوت، هەروەها هۆ و ئەنجام وەستايەوە، كه ئەمە مۆرك و تايبەتمەندى ئەم فەلسەفانەبوو، ئەو به دواى ئەركەكانى تێگەيشتن دا دەگەڕا وەك "ئەمە چۆن كاردەكات" "ئەمە چۆن گونجاوە" نەك شرۆڤەى پەتى و نەگۆڕ. چونكه به بڕواى ئەو، لەگەڵ تێگەيشتنى كرداريمان بۆ شتەكان، ئەوا شتەكان دەگۆڕێن. هەروەها لايەنى تيۆريى و كردارىى لێكدى جياواز نين و هەردووكيان بۆ بەجێهێنانى زەينييانه پێويستن، تيۆرەكان وەك ئامراز و نەخشه وەهان تا ڕێگەى ژيانيان پێبدۆزينەوە، ئەمەش له تيۆرى زانينەكەيدا زياتر ڕوون دەبێتەوە كاتێك ئەو پەره به تيۆرى ڕاستى ئامرازگەرايانه – **Instrumental Truth** دەدات. ئەم تيۆره ڕێگا له بەردەم ئەوه دەكاتەوە كه دەبێت ڕاستێتى بيرۆكەكان بەوە پێوانه بكرێت كه ئاخۆ چەنده له خزمەتى ئەوەدايه كه مەبەسته كردارييەكەى بپێكێت، بەمەش ڕاستى و هەڵەى ڕێژەيى بيرۆكەكان هاته ئاراوە، چونكه ناشێت بيرۆكەيەك به تەواوى ڕاست يان به تەواوى هەڵه بێت، هەروەها هيچ بيرۆكەيەك له خودى خۆيدا ڕاست يان هەڵه نييه و ناتوانرێت له بوارى تيۆريدا ئەمه يەكالا بكرێتەوە. ئەمەش بەو واتايه دێت كه ئەو جەوهەرگەراييەى به درێژايى مێژووى فەلسەفه ناواخنى زۆرێك له فەلسەفەكانى پێكهێناوه له لايەن دێوى و بەشێكى زۆرى فەيلەسوفانى پراگماتيزمييەوە ڕەتدەكرێتەوە. (Peirce, pp. ٢٥٤)

هەر ئەو تێڕوانينەيه كه ئەو پرسياره دێنێته گۆڕێ كه ئاخۆ بڕياردان به سەر ڕاستێتى بيرۆكەكاندا هيچ گۆڕانێكى پراكتيكى بەدووى خۆيدا دەهێنێت ياخود له ڕووى پراكتيكييەوە هيچ ڕۆڵێكى نييه؟ به دەربڕينێكى ديكه ئايا بيرۆكەكان ئامرازه سودبەخشەكەى چارەسەركردنى كێشەكانمان پێدەبەخشن، يان هيچ ڕۆڵێكى چارەسەرى نابينن؟ به ڕاى زۆرينەى فەيلەسوفانى پراگماتيزم و له ناويشياندا دێوى، بيرۆكەكان دبنه ئامرازى سودبەخش له ژيانى پراكتيكى مرۆڤدا و ئەمەش بريتييه له كرۆكى تيۆرى ئامرازگەرايى كه جۆن دێوى پەرەى پێدا. پراگماتيزم تيۆرى هاوشێوەيى (تطابق)ى نێوان بيرۆكه و ڕيالٚ ڕەتدەكاتەوە و له بەرامبەردا بيرۆكەكان وەك ئامراز بۆ ڕيالٚ سەيردەكات و ئەو جياكاريەى كه له نێوان جەوهەر و ئامرازبوونى بيرۆكەدا هێنراوەته ئاراوه تێدەپەڕێنێت. ئەمەش بريتييه له كرۆكى دنيابينى داروينيانەى پراگماتيزم له بەرامبەر دنيابينى دێكارتيانەدا. (Sundin)

به بڕواى دێوى، فەيلەسوفان كاتێك دەكەونه جياكردنەوەى كاتيگۆرييەكان و پۆلێن كردنييان (بۆ نموونه: هۆشەكى و جەستەيى) ئەوا دەكەونه هەڵەوە، چونكه بێ ئاگان لەوەى كه هەردووكييان سەرەتا نۆميناڵن و وەك دوو كۆنسێپت داهێنراون تا كێشه تايبەتييەكانى لێوه چارەسەر بكەين. ئەمەش هۆكارى كێشه ميتافيزيكى و هۆشەكييەكانه. هەروەها دێوى جەخت لەوە دەكاتەوە كه پراگماتيزم ڕێسايەكه هەموو هزرين و ڕامانێك دەگێڕێتەوە به مەبەستى دەستخستنى ئەنجامەكان. هەربۆيه فەلسەفەى پراگماتيى دێوى به گشتى

* جۆن دێوى (١٨٥٩-١٩٥٢)مامۆستاى زانكۆى كۆڵۆمبيا و يەكێك له بەناوبانگترين فەيلەسوفه كلاسيكييەكانى پراگماتيزمه. خاوەنى زۆر كتێب و نووسينه له بوارەكانى مێتافيزيك، فەلسەفەى زانستەكان، لۆژيك، دەروونزانى، ئێستێتيك و دين؛ هەر ئەمەش كردويەتييه يەكێك له كاريگەرترين كەسايەتيەكانى سەردەمى خۆى له بوارەكانى سيستەمى پەروەرده و ميتۆدى وانەبێژيدا. (Sundin) له گرنگترين كتێبەكانى: 'تويێژينەكان له تيۆرى لۆژيكيدا—١٩٠٣' و 'چۆن بيربكەينەوە—١٩١٠' و 'هەوڵەكان لەبارەى لۆژيكى ئەزموونيەوە— ١٩١٦' و 'ئەقڵى داهێنەر-١٩١٧' و 'سروشتى مرۆڤايەتى و ڕەفتار-١٩٢٢' و 'داواكردنى دڵنيايى-١٩٢٩' و 'ئەزموون و سروشت -١٩٢٩' و 'سێ فاكتەرى سەربەخۆ له مۆراڵدا -١٩٣٠'. (كرم: ص. ٤٢٥)

و تیۆری ئامرازگەریی یان ئەرکگەرییەکەی، زانین وەك ئامراز یان ئەرك دادەنێت لە خزمەتی پێداویستییەکانی ژیاندا. بڕوای نەگۆڕی ئەو بە کاریگەری و چالاکی هزر و گیانی دیموکراسیانە، بووە هۆکارێك لە رابردوودا ئەقڵی ئەمریکییان رووە و کار و ئازادی ئاراستە کرد و کاریگەری قوڵیشیان لە سەر سیاسەتی ئەمریکا هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەش بەجێهێشت (کرم: ص. ٤٢٥)

لە لایەکی دیکەوە، دێوی باوەڕی تەواوی بە هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان بیروباوەڕەکانی مرۆڤ دەربارەی ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژی هەروەها ئەو بەها مۆڕاڵی و ئامانجانەش کە ژیانی ئاراستە دەکەن؛ هەبوو. ئەم پەیوەندییە یەکێك لە کێشە قوڵەکانی ژیانی مۆدێرنەیە و هەر فەلسەفەیەکیش کە دابڕاو نەبێت لە ژیان ئەوا ناچارە بە قوڵی لە بارەی ئەم کێشەیەوە بهزرێت. بۆیە بە لای دێوی کێشەی سەنتەری فەلسەفە بریتییە لە بوونی ئەو پەیوەندییە نکوڵینەکراوەی لە نێوان بیروباوەڕەکان دەربارەی سروشتی شتەکان بە گوێرەی زانستی سروشتی هەروەها بیروباوەڕەکان دەربارەی ئەو بەهایانەی کە جیهان بە شێوەیەك دەبینێت کە دەبێ دەسەڵاتێکی شەرعی ئاکارەکانی ئاراستە بکات. (Peirce, pp. ٢٥٤)

هەربۆیە زانین بۆ دێوی '**چێژبەخش**' بوو، بەڵام زانینێك کە لە ئەزموونەوە '**خبرة**' برابێتەوە، نەك ئەزموونی کلاسیکی هاوشێوەی ئەوەی 'هیوم' بانگەشەی بۆ دەکرد. ئەو دژ بە ئەزموونگەرایی کلاسیکی بوو، چونکە لە ئەزموونگەرایی لەم شێوەیەدا، جگە لە هەستە تایبەتی و تاکیەکان شتێکی دیکە ڕۆڵی نەدەگێڕا. ئەمەش بۆ پراگماتیزم دژ بە جەوهەری ئەزموونگەرییە، چونکە ئێمە پێویستە هەموو ئەوانە روونبکەینەوە کە ئەزموون پێمان دەبەخشێت، وەك پەیوەندی و واتا، نەك وەك ریالێتی باڵا و زانیاریی هەستەکی، بەمەش ئەمپیریزمی رادیکاڵی دەیەوێت جێگەیەك بە واتا و بەها بدات لە جیاتی روونکردنەوەیان دوور لە سەبژێکتیڤیتی و زیادەی سەبژێکت بۆ جیهانی ئەتۆمەکان.

بەشێکی زۆری فەلسەفە ئەزموونییەکەی دێوی روودەکاتە لۆژیك و حەقیقەت، پەروەردە و دیموکراسی، مۆرال و ئایین، دەروونزانی و کۆمەڵزانی، زانین و هونەر. چونکە پێیوابوو کە ئەم تاکەو زانستانە هەروەها ئایین هێشتا دەتوانن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخیشدا رۆڵبگێڕن، کاتێك وەك باوەڕی ئەزموونی و باوەڕی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دەبینرێن. لە کتێبی 'سێ فاکتەری سەربەخۆ لە مۆراڵدا' باس لە یەکانگیری سێ بابەت و روانگەی فەلسەفی دەکات بۆ فەلسەفەی مۆرال، ئەوانیش: ماف و فەزیلەت و چاکە. پێیوابوو ئەم سێ بابەتە دەبنە هۆکاری چارەسەری کێشە مۆرالییەکان و تێگەیشتن لەو بابەتە ئاسان دەکەن و واتا بە مۆرال دەدەن. هەرچی لەبارەی هونەریشە، ئەو لەسەر بنەمای وانەکانی ولیام جەیمس کە لە زانکۆی هارڤارد پێشکەشی کردبوون، ویستی پەیوەندی و پێکداچوون لە نێوان هونەر و کەلتور و ئەزموونی رۆژانەدا دروستبکات، ئەمەش لە نووسینی 'هونەر وەك ئەزموون'دا بە تەوای جەختی لێدەکرێتەوە. بە بڕوای دێوی پێویستە هونەر ببێتە بەشێك لە ژیانی داهێنەرانەی هەرکەسێك نەك گروپ، هەروەها وەرگرانی هونەریش رۆڵی ئاکتیڤیان هەبێت نەك پاسیڤ. هاوکات نابێت هونەر بە ترانسێندێنتالی بکرێت، وەك ئەوەی 'کانت' هەوڵی بۆ داوە. (Dewey, ١٩٣٠)

### ٢. پەروەردە و دیموکراسی

دێوی لە ژێر کاریگەری پرەنسیپەکانی "سایکۆلۆجی" ویلیەم جەیمسدا یەکەم خاڵی وەرچەرخانی هزری لە هیگلیزم و کانتیزمی نوێ ڕووەو فەلسەفەی سروشتگەرایی سەرەتای گرت. هەروەها باوەڕبوونی ئەو بە

بەردەوامێتی ئەمە پاساو دەدات، کە هەمیشە شێوەیەك لە ***کۆن*** هەڵدەگیرێت بۆ نێو ***نوێ***. واتە کۆن بە شێوەیەك لە شێوەکان لە نوێدا خاوەن کاریگەریە و دەبێتە پاڵنەر؛ هەربۆیە ئەو تەواو خولیای بواری پەروەردە بوو، چونکە لە پەروەردەدا دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە لە داهاتوودا (**نوێ**) کاریگەری بخرێتەوە. واتە دەتوانرێت بیرۆکە فەلسەفیەکان هەم بە شێوەیەکی تیۆری و هەم پراکتیکیانە بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە. (Dewey, ٢٠٠٩, pp. ٤) لە پەروەردە و سروشتی فێربووندا گەلێك بوار و پەیوەندی گرینگ لە بارەیانەوە هزرین دەکرێت، لەوانە: تیۆری هۆش، پەیوەندی هۆش و جەستە، تاك و کۆمەڵگا، سروشت و مرۆڤ، بیرکردنەوە و کردار، زانین و بڕیاری مۆڕاڵی هەروەها فۆرمۆلەکردنی بیرۆکە مۆڕاڵیەکان و ئامانجەکانی کۆمەڵگا، بەڵام ئەمە تەنها کاتێك شیاوە کە سایکۆلۆژی گرینگی تایبەتی پێبدرێت، چونکە ئەم زانستە بنەمایە بۆ پەروەردە. وەك خۆی دەڵێت: "سایکۆلۆجی زانستێکی بنەماییە لەبەرئەوەی ڕوونیدەکاتەوە کە ئەزموون لە نێو گشتێتیەکەیدا چییە. بەها و مانای توخمە جیاوازەکان دیاریدەکات لە ڕێگای نیشاندانی گەشەکردن و پێگەیان لە نێو گشتدا، بە کورتی، ئەو (سایکۆلۆجی)، میتۆدێکی فەلسەفیە". ( Peirce; pp.٢٥٥)

ئەم گرینگیدانەی دێوی بە سایکۆلۆجی بووە بنەمایەك بۆ فەلسەفە پراگماتییەکەی کە بە ئامرازگەرایی ناویدەرکرد. بیرۆکەکان (ئیدێکان)ی وەك ئامراز بۆ تێگەیشتن و یەکالاکردنەوەی کێشە کردارییەکان دەبینی. بەهۆی ئەو گرینگیدانە زۆرەی بە لایەنی کرداری، تەنانەت تیۆری پەروەردەکەشی لە سەر بنەمایەکی کرداریانە دادەڕێژێت و پێیوایە فێربوونی منداڵان دەوەستێتە سەر ڕاهێنانە کردارییەکان نەك تەنیا خوێندنەوە و گوێگرتنی نێو پۆل. دێوی دژی ئەو جیاوازییە بوو کە فێرگەی سەرەتایی بۆ منداڵان و پەیمانگا و زانکۆ بۆ پێگەیشتووان بێت، فێرگەی سەرەتایی شوێنێکە تا منداڵان فێر بکات بۆ ئەوەی ببنە هاوڵاتی لە سیستەمی دیموکراسیدا، لەبەرئەوە فێرگە لە خۆیدا دەبێ مۆدێلێکی دیموکراسی بێت. هاوکات دەشێت وەك نێوەندێکی کولتور و ترادسیۆنی ڕابردوو، هەروەها بۆ گۆڕینی ئاینده ڕۆڵبگێڕێت. واتە، پەروەردە شوێنکەوتنێکی درێژخایەنی واتادارە، کە بەشداری لە هەموو هەوڵەکانماندا دەکات بۆ بنیاتنانی ئەزموونەکانی ژیانمان، هەربۆیە نێوەدێك بۆ ئەم ئاڵوگۆڕیە کلتوری و پەروەردەییە دەخوازێت کە نەوەکان بەیەکەوە نەك بە جیاکردنەوەیان ئەم ڕۆڵە پەروەردەییە ببینن. (Robert; ١٩٩٦).

بە بڕوای دێوی کاری واتادار و تێگەیشتنی پەروەردەیی گرنگن نەك بۆ ژیان بەڵکو وەك خودی ژیان، ئەمەش بەو واتایەی پەروەردە بەشێك نییە لە ژیان، هەروەها قۆناغێك نییە لە قۆناغەکانی ژیان، بەڵکو ***پەروەردە خودی ژیانە***. واتە پرۆسەیەك نییە لە ناو ژیاندا دەسپێك و کۆتایی هەبێت لە کاتێکی دیاریکراو، بەڵکو پرۆسەیەکە لەگەڵ ژیان دەستپێدەکات و بە کۆتایی ژیانیش کۆتایی دێت. هەر ئەم گرینگیەی پەروەردەیە کە وا دەکات دێوی ناوی "**باڵاترین هونەر**" بە سەر پەروەردەدا ببڕێت و وەك مەرجی گەشەسەندنی تاك و کۆمەڵگا لێی بڕوانێت، چونکە ئەو پێیوابوو کە پەروەردە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ نوێکردنەوە وەرگۆڕینی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان. دێوی لە پەروەردەدا وەڵامی هەموو ئەو خەریکگەریەی خۆی بە فەلسەفەوە دۆزیەوە، چونکە بەیەکەوە گرێدانی میتۆدەکان و بەرهەمهێنانی بەشێکی زۆر لە زانیاریەکان بە گوێرەی پێودانگی زانستە سروشتیەکان لە ڕێگای پرۆسەکانی نێو خوێندنگاوە دەبێت. بۆ دێوی ئەمە بریتی بوو لە شێوە بەرتەسك و فۆرماڵەکەی پەروەدە لە بەرامبەر ئەو پەروەردەیەی کە بە شێوەیەکی نافۆرماڵ و بەرفراوان لە نێو کۆمەڵگا و خێزان و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی دیکە بەردەخرێن. ئەمە وای لە دێوی کرد کە

فەلسەفە وەك "تیۆریٚ گشتی پەروەردە" پێناسە بکات. هەربۆیە تیۆرە پەروەردەییەکەی دێوی لە مانا فراوانەکەیدا پەیوەست دەبێتەوە بە تیۆری گەشەسەندنی دیمۆکراسی و هاوکات گەشەسەندنی میتۆدی ئەزموونی لە زانستدا. (Peirce، pp.٢٥٥)

بە دەربڕینێکی دیکە؛ مرۆڤ لە پەروەردەی فۆرمالدا رووداکاتە دامەزراوە تایبەتمەندەکانی بواری پەروەردە، ئەو دەزگایانەی لەسەر دەستوور و پرۆگرامی تایبەت دەکەونە پەروەردەی مرۆڤ، وەك ئەوەی لە فێرگەکاندا دەکرێت، کە ئەمە <u>پەروەردەی تایبەتیشی</u> پێدەگوترێت. بەڵام لە پەروەردەی نافۆرمالدا، رووداکاتە سەرجەمی ژیان و ئەزموون کە وەك فێرگەیەك وایە بۆ مرۆڤ تا لێیەوە فێرببێت و پەروەرببێت، ئەمە <u>پەروەردەی گشتیشی</u> پێدەگوترێت. بەمەش مرۆڤ کە دێتە ژیانەوە، لەهەر ژینگەیەکدا بێت، مادام ژینگەیەکی ئەزموونی و زیندووە، ئەوا لە پرۆسەی پەروەردەدایە، پەروەردە لەم واتا فراوانەدا ئامرازێکە بۆ ئەو بەردەوامێتییەی کە دێوی باوەڕی پێی هەبوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. مرۆڤ بە نەزانی دێتە ژیانەوە، لاواز و بێ توانایە، بێ ئەزموونە، بێ زمانە، بێ بیروباوەڕە و بەدەرە لە هەر بیرۆکە و ستانداردێکی کۆمەڵایەتی؛ ئەو مرۆڤە ئەزموون و زانین و بیروباوەڕەکان لە کۆمەڵگاوە وەدەست دێنێ و بەمەش هەر کۆمەڵگا یان گروپێکی کۆمەڵایەتی درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

ئەم مۆرکی لە دایکبوون و مردنەی هەر ئەندامێکی کۆمەڵگا زەرورەتی پەروەردە دێنێتە ئاراوە، چونکە لە لایەکەوە جیاوازی زانین و ئەزموون هەیە لە نێوان تاکێکی تازە لە دایکبوو و تاکێکی خاوەن ئەزموونی کۆمەڵایەتی نێو هەر گروپێك، بۆیە گەرەکە کە ئەم ئەزموونانە بگوێزرێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو. لە لایەکی دیکەوە تەنها پاراستنی جەستەیی ژمارەیەك لە تاکی پێنەگەیشتوو بەس نییە بۆ مانەوەی گروپ، بەڵکو ئەم تاکانە گەرەکیشە ببنە هەڵگری ئامانج و خولیا و زانین و لێهاتوییەکانی تاکە پێگەیشتووەکان. خۆ ئەگەر وانەبێت ئەوا کۆمەڵگا یان هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی بەردەوامێتی ژیان لە دەست دەدات ئەگەرچی ژیانی بایۆلۆجیانەی بەردەوام بێت، ئەم بەردەوامێتییە هەتا لە تیرە هۆڤ (هەمەجی)ەکانیشدا بەدیدەکرێت. بەڵام دوابەدوای گەشەسەندنی شارستانیەت و گەورەبوونی ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان توانستەکانی تاکی پێنەگەیشتوو هەروەها ستانداردی خولیاکانی پێگەیشتواندا پەیدابوو، زەرورەتی پەروەردەی فۆرماڵ دەرکەوت. ئەوەش شیاوی گومان نییە کە تەنیا پەروەردە دەتوانێت رێگە لە گەورەبوونی ئەم بۆشاییە بگرێت. (Dewey، ٢٠٠٩، pp. ٤-٥.)

زەرورەتی پەروەردە بۆ دێوی لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێیوایە کۆمەڵگا لە رێگای پرۆسەی گواستنەوەوە (گواستنەوەی ئەزموون لە پیرەکانەوە بۆ گەنجەکان) بوونی هەیە، ئەمە سەرباری ژیانی بایۆلۆجیانە. ئەم گواستنەوەیەش لە رێگای پەیوەندی خورەوشتەکانی وەك **کردن، بیرکردنەوە، هەستکردن** لە پێگەیشتوانەوە بۆ پێنەگەیشتوان دێتە ئاراوە. بەبێ ئەم ئاڵوگۆڕەی نێوان جیلەکانی هەر کۆمەڵگا یان گروپێکی کۆمەڵایەتی مەحاڵە ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوامێتیەکی دروستی هەبێت. ئەگەر ئەم گواستنەوە و ئاڵوگۆڕیە بە شێوەیەکی خۆیەکیانە و بێ رێکخستن ئەنجام بدرێت، واتە لە تاکێکی پێگەیشتووەوە بۆ تاکێکی پێنەگەیشتوو ئەوا بە شێوەیەکی بەرچاو خولیای تاکە کەسی دەردەکەوێت نەك پێوستی کۆمەڵگا، ئەمەیە کە زەرورەتی پەروەردەی فۆرماڵ دێنێتە پێشەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، لە کۆمەڵگا پێکهاتە و سەرچاوە ئاڵۆزەکاندا پەروەردەی فۆرماڵ دەبێتە پێویستییەك لە پێناو بەرزکردنەوەی کوالێتی ئەزموونە گواستراوەکان. ئەگەرچی لە پەروەردەی فۆرماڵدا هەندێکجار مەترسی دووکەرتبوونی ئەزموونی دێتە پێشەوە لە نێوان

ئەوەدا کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی نێو کۆمەڵگا وەری دەگرێت و ئەوەش کە لە خوێندنگا یان هەر دەزگایەکی دیکەی پەروەردەییدا وەریدەگرێت، ئەم مەترسیەش زیاتر گەورە دەبێت لەو کۆمەڵگایانەدا بە شێوەیەکی خێرا و کتوپڕ گەشە دەکەن لە ڕووی سەرچاوەی زانیاری و تەکنیکییەوە. (Dewey: ٢٠٠٩, pp.٨) تا ئێستا کە تەنها باسی ئەوەمانکردووە کە تێڕوانی دێوی دەربارەی پەروەردە و ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا چییە؛ پەروەردە کە ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگا و گەشەپێکردنی تاکی پێنەگەیشتووە لە ڕێگەی بەشداریکرد و هاوبەشیکردنەوە لەگەڵ پێگەیشتواندا، هەربۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە دەبێت کوالێتی ئاستی پەروەردەیی بەردەوام بەرزتر بکرێتەوە؛ بەڵام ئێستا گەرەکە کەمێك باس لەوە بکەین کە چ پەروەردەیەکە کە دێوی خوازیاریەتی و دەیەوێت بەگەڕی بخات لە پێناوی کۆمەڵگادا؟ ئایا ئەم تیۆرەی پەروەردە چ پەیوەندیەکی بە دیموکراسیەوە هەیە؟

تیۆری پەروەردەی دێوی کە بە 'پەروەردەی کرداریی' ناوبانگی دەرکردووە لە هەمانکاتدا بریتیشە لە پەروەردەی دیموکراسی، چونکە ئەو بانگەشەی بۆ فێربوون لە ڕێگەی ئەنجامدانەوە Learning' by Doing' دەکرد، هەروەها پێیوابوو ناشێت کۆمەڵگای دیموکرات پەروەردەیەکی داپڵۆسێنەرانەی هەبێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا کە ڕێگە لە مەترسی دووکەرتبوونی پەروەردەیی بگیرێت کە پێشتر بە کورتی ئاماژەمان بۆ کرد. لەم شێوازەی پەروەردەدا، منداڵان دەتوانن هۆشی خۆیان لەسەر هەردوو لایەنی تیۆری و کرداریی بەگەڕبخەن و توانا زانستییەکانیان تاقیبکەنەوە. پەروەردەی دێوی، بە تایبەت بە ڕێگەی ئەم تیۆرەوە، لە هەموو جیهاندا کاریگەری نواند. بە دیاریکراویش دژ بە کولتوری بەزۆر خوێندن و فێرکردن و بایەخی یەکەم بۆ فێرکردنی تیۆری. دێوی پێشنیازی فێرکردنی کردارییانە و دیموکراسییانە دەکات، کە هاوکات ووزەی فێرخوازان بە ویستی خۆیان و بە کرداریی لە سیستەمی پەروەردەدا بەکاردەهێنرێت (ماگی: ل. ٣٥٤).

دیموکراسی لە فەلسەفەی دێویدا پانتاییەکی فراوان داگیردەکات بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین فەلسەفەکەی بریتییە لە فەلسەفەی دیموکراسی. دیموکراسی لای ئەو بە تەنیا سیستەمی حوکم و شێوازی ڕێکخستنی دەوڵەت نییە، بەڵکو دیموکراسی لای ئەو بریتییە لە سەرجەمی کردە کۆمەڵایەتییەکان و دەچێتە نێو سەرجەم کایە و بوارەکانی ژیانەوە و هیچ لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فێرکاری و بازرگانی..هتد نییە کە دیموکراسی نەخشی خۆی لێنەدات و بە شێوازێکی دیموکراسیانە داینەڕێژێتەوە. هەربۆیە لای دێوی ناکرێت باس لە پەروەردە بکرێت بەبێ دیموکراسی و بە هۆی گرینگی پەروەروەردەشەوە لە ژیانی مۆدێرندا ناکرێت باس لە دیموکراسی بکرێت بەبێ پەروەردە. ئەم دوو لایەنە زۆر بە توندی بە یەکەوە گرێدراون و جیاکردنەوەیان مەحاڵە.

کاتێك کە باس لە مەحاڵی جیاکردنەوەی پەروەردە و دیموکراسی دەکەین لە دیدی دێویدا، ئەوا بۆ پاساوی ئەم پەیوەستییە دێوی سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە لە کۆمەڵگادا چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی جیاواز بە چەندین ڕێگەی جیاواز بۆ چەندین مەبەستی جیاواز لە جەستەیەکی سیاسی و جوگرافیدا ناچارن بەیەکەوە هەڵبکەن. سەرباری ئەمە هەر تاکێکی ناو ئەو کۆمەڵگایە ئینتیمای بۆ چەندین گروپی جیاواز هەیە، هەر بۆیە بە کۆمەڵایەتیبوونی هەر تاکێك لە ئەویدیکە جیاوازە. هەروەها لە هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی گەورەدا چەندین گروپی بچوکتر هەن، ئەم دابەشبوونە تەنها لە جەستە سیاسیەکاندا نییە بەڵکو لە بواری بازرگانی، زانستی هەروەها ئایینیشدا بەرچاو دەکەوێت؛ ئەمە جگە لە جیاوازی زمان و

گوزارشتی هەر گرووپێك لە یەکتری کە ئاستی تێگەیشتن و بەیەکەوە هەڵکردن بەرتەسك دەکاتەوە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە؛ چ گۆچانێکی جادووییە ئەم هەموو جیاوازیە بەیەکەوە گرێدەدات؟ چی دەتوانێت ئەم هەموو جیاوازیە بخاتە بۆتەیەکەوە و ناکۆکیەکانیان پێکەوە هەڵبگرێت؟

کۆمەڵگا بەم هەموو جیاوازیەوە لە ڕووی سیاسیەوە زیاتر لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك تاك دەچێت کە لە سەر بنەمای بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیان کۆبووبنەوە؛ بەڵام ئەمە هەرگیز کۆمەڵگا دروست ناکات، چونکە تێگەی کۆمەڵگا دەخوازێت وێڕای بەرژەوەندی تاکی و گرووپی بەرژەوەندی گشتیشی هەبێت، هەروەها دەبێت ئینتیمای هاوبەش، مەبەستی هاوبەش، ئاڵوگۆڕی هاوسۆزی لە نێوان سەرجەم بەش و پێکهاتە و تاکەکانیدا هەبێت. سەرباری هەموو ئەمانە تێگەی کۆمەڵگا دەخوازێت کە "ئیدیاڵ"ێك بسازێنێت بۆ هەموان کە ئاماژە نەبێت بۆ هیچ فاکتێکی کۆمەڵگا؛ ئەمەش بۆ ئەوەی هەموو بەش و پێکهاتە و ڕێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگا وێڕای جیاوازیە بنەڕەتیەکانیان شتێك هەبێت کە کۆیان بکاتەوە و بەیەکەوە گرێیانبدات. ئەم ئیدیاڵە چۆن دروست دەکرێت؟ ئەم بەیەکەوە گرێدانەی جیاوازیەکان چۆن دەکرێت؟ چ شتێك ئەم توانە ناوازە و جادوییەی هەیە تا ئەم هەموو سەرە لە مەنجەڵێکدا بکوڵێنێت؟

دێوی وەڵامی ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکەی جەوهەریش سەبارەت بە ژیان لە پەروەردەیەکی دیموکراسیانەدا دەبینێتەوە. لای ئەو پەروەردەی دیموکراسی داینەمۆ و جوڵێنەرێکی سەرەکییە لە کۆمەڵگای ئاڵۆزی مۆدێرندا، هەر پەروەردەیە دەتوانێت سەرجەم ئەو بەش و لایەنە زۆر و زەبەندانەی کۆمەڵگا بەیەکەوە شەتەك بدات و یەکەیەکی یەکگرتووی تا ڕادەیەك هاوشێوەی لێ دروست بکات ڕووە و باڵابوون هەروەها ئامانجی نەمر ئاراستەی بکات. لای دێوی کە ژیان بریتییە لە ژیانی دیموکراسیانە و پەروەردەش بریتییە لە خودی پرۆسەی ژیانکردن نەك ئامادەکاری بۆ ژیان؛ زۆرجار پەروەردە و دێموکراسی بە شێوەیەکی هاوواتا شوێنی خۆیان لە فەلسەفەکەی ئەودا دەکەنەوە. چونکە پەروەردە کە پرۆسەی ژیانە کەواتە پرۆسەیەکە تیایدا تاك چۆن لە ڕووی بایۆلۆجییەوە گەشە دەکات بەهەمانشێوە تیایدا فێردەبێت و زانیاری و شارەزایی بەدەستدەهێنێت، هەربۆیە پەروەردە گەرەکە بە توندی گرێدراوی کێشە و گرفتەکانی ژیان بێت تاکو نەبێتە پرۆسەیەکی دابڕاو لە لایەنی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان کە ئەمیش بە توندی گرێدراوەتەوە بە ژیانی دیموکراسیانەوە. (محەمەد: ل. ١٦٢-١٦٣)

ئەم پەیوەندیە گرینگەی پەروەردە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی دیمۆکراسیانەوە وایکرد کە دێوی بانگەشەی ئەوە بکات کە گەرەکە پەروەردە بۆ هەموان بێت، نەك بە تانیا بۆ چین یان توێژێکی دیاریکراو، واتە هەموان مافی پەروەردەیەکی دروست و دیموکراسیانەیان هەبێت بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئایین و زمان ڕەنگ وئاستی کۆمەڵایەتی. هەموان دەبێ بەشداربن لە پرۆسەی پەروەردەدا و نابێت هیچ ڕێگیریەك لە بەردەم پەروەردەی گشتیدا هەبێت، چونکە ئامانجی پەروەردە ئامانجی باڵای ژیانە لە کۆمەڵگادا و ئەم ئامانجەش بێ جیاوازی بۆ هەموانە و بەبێ هەوڵی هەموان مەحاڵە ئامانجەکانی پەروەردە بەدەست بهێنرێت. کاتێك ئامانجی پەروەردە بریتیبێت لە پێگەیاندن و یارمەتیدانی تاك بۆ فێربوون و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و گونجانی لەگەڵ ژینگە و ڕێکخستنی ژیان بە شێوازێکی باش و زانستیانە کەواتە هەموان پێویستان بە پەروەردە و پەروەردەش هەموان دەکاتە ئامانجی خۆی. ئەمە ئامانجە باڵاو گشتیەکەی پەروەردەیە، هەربۆیە ئامانجە تایبەتی و کورتخایەنەکانی نێو پرۆسەی پەروەردە کە دەچنە خزمەتی ئەم ئامانجە گشتییەوە پێویستە هەڵقوڵاوی نێو خودی پرۆسەکە و پەیوەندیداربن بە حەز و شارەزایی

فێرخوازان و بەشدارانی ڕاستەوخۆی پرۆسەی پەروەردەکردنەوە کە مامۆستایانن. ئەم ئامانجانە وەك تاکتیك دەچنە خزمەتی ئامانجە گشتییەکە کە دەبێتە ستراتیجی پرۆسەی پەروەردە لە پێگەیاندنی تاکە کەس بۆ نێو پرۆسەی دیموکراسیانەی ژیان لە کۆمەڵگادا و ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوام و بێکۆتایە. (محەمەد: ل.١٦٣-١٦٤)

بەلای دێویەوە "ژیانی مۆدێرن واتە دێموکراسی، دێموکراسیش واتا ئازادکردنی ئاوەز بۆ کاریگەرینواندنی سەربەخۆیانە هەروەها ئازادکردنی هۆش وەك ئۆرگانێکی تاکەکەسی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆی". (Dewey, ١٩٠٣) ئەم پرۆسەیە لای دێوی لە نێو خوێندنگاوە بەگەڕ دەخرێت، چونکە بەلای ئەوەوە خوێندنگا پەیوەندیەکی پتەوەی هەیە بە گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەڵام بە هۆی سروشتە نادیموکراسییە ڕێژەییەکەی خوێندنگاوە (بە هۆی هەبوونی دیسپلین و یاسای تایبەتی کە مامۆستایان و خوێندکاران ناچار لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراودا ڕەفتار بنوێنن) پێویست دەکات کە تیشکی زیاتر بخرێتە سەری تاکو خوێندنگاش هاوشان لەگەڵ جوڵە دیموکراسیەکانی کۆمەڵگادا هەنگاو بنێت. ئەم کێشە ڕوو دەکاتە هەردوو ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی خوێندنگا کە مامۆستایان و خوێندکارانن، چونکە ژیانی نێو خوێندنگا کاریگەری لە سەر هۆشیان دەنوێنێت، هەروەها ژیانی دیموکراسیانەی دەرەوەی خوێندنگا بەدیموکراسیبوونی خوێندنگا دەکاتە پێویستییەك. بۆ ئەوەی پرۆسەکەش لە کۆمەڵگادا پرۆسەیەکی بێ کەمووکوڕی بێت پێویست دەکات کە چالاکییە هۆشییەکانی خوێندکاران و مامۆستایان وەك هەر تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگا نەك هەر ڕێگەی پێبدرێت بەڵکو هانیش بدرێت بۆ ئەوەی شوێنگەی خۆی پڕبکاتەوە لە کۆمەڵگادا و هیچ لەنگییەك نەکەوێتە نێو پرۆسەی بە دیموکراسیبوونی کۆمەڵگا. (Dewey: ١٩٠٣)

بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بێتەدی پێویستە مامۆستایان هێز و توانایان لە ئاستێکدابێت کە بتوانن بە هاوکاری خوێندکارەکان نەخشەڕێگای خوێندنی نێو خوێندنگا دیاریبکەن، مامۆستایان دەبێت دەسەڵاتی ڕێکخستن و پەرەپێدانی هزری هەروەها داڕشتنی پلانی فێرکاری و چالاکییەکانی خوێندکارانیان هەبێت کە ئەمانە لە پێویستیەکانی کردەی فێرکردنن، خوێندکارانیش نابێت هەست بکەن لە ژینگەیەکدا فێردەکرێن کە پێچەوانەیە لەگەڵ خواست و گەشەکردنی هۆشەکیان یاخود ڕێگرە لە بەردەم بەکارهێنانی مێشکیاندا بە شێوەیەکی ئازادانە. کەواتە چۆن لە پەروەردەدا خوێندکاران لە پلەی یەکەمدان ئاواش دەبێ ئامانجەکانی پەروەردە ڕەچاوی پێداویستییە هۆشەکی و دەروونییەکانیان بکات و سەرجەم ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان لە خزمەتی ئاوەڵاکردنی تواناکانی خوێندکاراندا بخرێنەگەڕ. (Dewey: ١٩٠٣)

دێوی کە لە نوسینە سەرەتاییەکانیدا و بە دیاریکراویش لە وتاری ئێتیکی دیموکراسی " **the Ethics of Democracy**"دا کە ساڵی ١٨٨٨ نوسیویەتی ئەوە دەخاتە ڕوو کە دیموکراسی تەنها فۆرمێکی دەسەڵاتدارێتی نییە، بەڵکو بریتییە لە ئایدیایەکی مۆڕاڵی و کۆمەڵایەتیش، ئەگەرچی سەرەتا دەشێت وەك دەسەڵاتێکی سیاسی خۆی بچەسپێنێت، بەڵام ئاراستەی دیموکراسی ڕووەو دیموکراسیبوونی ئازادیە تاکەکەسیەکان هەنگاو دەنێت. واتا تەنها ڕوو ناکاتە نوخبە بەڵکو ڕوو دەکاتە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ بەدیهێنانی ئازادیەکانیان. ئەم تایپە لە دیموکراسیەتی تکگەرایی لە نێو بۆچونەکانی دواتری دێویشدا پارێزگاری لە خۆی دەکات و لە کتێبی "دێموکراسی و پەروەردە"-"**Democracy and Education**"ی ساڵی ١٩١٦دا گرینگی پەروەردە بۆ هێنانەدی ئەم جۆرە لە دیموکراسی تاکگەرایانە دەخاتەڕوو و پێیوایە کە پەروەردە ڕۆڵی ڕیفۆرمی ئەو توانایانە دەبینێ کە بۆ ژیاندنەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی پێویستن، هەروەها پەروەردە دەتوانێ

"فۆرمێکی ژیانی کۆمەڵایەتی" بخوڵقێنێ کە بەرژەوەندی هاوبەشی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە مۆرکی پێدەدات و ئەمەش بریتییە لە کۆمەڵگای دێموکراسی. (Rosales، ٢٠١٢)

کەواتە لای ئەو دیموکراسی تەنها سیستەمێك نییە بۆ دەسەڵاتدارێتی، بەڵکو تێگەیشتنە کۆنەکەش کە پێیوایە دیموکراسی بریتییە لە رێگەیەك بۆ ژیان وەك تێگەیشتنێکی جەوهەری نابینێت، بەڵکو ئەم تێگەیشتنە جارێکیدیکە فۆرمەلە دەکاتەوە تاکو دیموکراسی بە شێوەیەکی جەوهەری نەك ڕواڵەتی بچەسپێندرێت. ئەو دەبێژێ کە دیموکراسی بریتییە لە "**ڕێگایەکی خۆییانەی ژیانی تاکەکەس**". ئەم تێگەیشتنە جەخت لە خاوەندارێتی و بەکارهێنانی بەردەوامی هەڵوێستەکانی تاك دەکاتەوە، هەروەها کارێکتەری تاك فۆرمەلە دەکات و خواست و ئامانجەکانی تاك پەیوەست بە هەموو پەیوەندیەکانی ژیانەوە دیاریدەکات. ئەم داڕشتنەوە نوێیەی پێناسەی دێموکراسی وەك ڕێگای تاکەکەسی بۆ ژیان لە ڕووی تیۆریەوە شتێکی نوێ ناخاتە سەر داڕشتنە کۆنەکە "دێموکراسی وەك ڕێگایەك بۆ ژیان"، بەڵام لە دۆخی جێبەجێکردندا مانایەکی پراکتیکی نوێ چێدەکات. چونکە ئەم تایپە لە دیموکراسی ئەوە دەخاتەڕوو کە بەهێزترین دوژمنەکانی دیموکراسی دەبێت ڕووبەڕووی هەڵوێستە کەسیەکانی تاکە تاکەی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگا ببێتەوە، هەربۆیە بەرگریەکانی دژبەری دوژمن لە هەموو سوچ و قوژبنێکی کۆمەڵگادا دەردەکەون جا ئەو بەرگریانە مەدەنی بن یان سەربازی، مادامەکی لە نێو هەموو تاکەکاندا خۆیەکیانە ئاراستە دەکرێت کەواتە ڕەگی خۆی لە سەر "تاك"ی ئامادەکراو لە لایەن کلتورێکی دیموکراسیەوە داکوتاوە. بەمەش بەرگریەکی بەهێز هەروەها هەمەلایەن لە نێو کۆمەڵگای دیموکراتدا ئامادەگی هەیە. (Dewey, ١٩٣٩). ئەمەش پاساوەکانی بەهێزی کۆمەڵگای دیموکراتمان بۆ ئاوەڵا دەکات و پێمان دەڵێت کە هێزی کۆمەڵگای دیموکرات لە کوێوە سەرهەڵدەدات و لاوازیەکانی کۆمەڵگای نا دیموکراتیش لە کوێوە سەرچاوە دەگرن.

بە دەربڕینێکی دیکە دیموکراسی وەك ڕێگایەکی تاکەکەسی بۆ ژیان بریتییە لە باوەڕبوونێکی کردەیی بە ئەگەرەکانی بەردەم سروشتی مرۆڤ. باوەڕبوون بە شیمانەکانی مرۆڤ بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز، ڕەنگ، ئایین، بنەچە، شوێنی لە دایکبوون و خێزان، هەروەها ڕەچاوی لایەنی مادی و سامانی مرۆڤ ناکات. ئەم باوەڕە ئەگەرچی لە ڕووی تیۆریەوە دامەزراوە، بەڵام تاکو نەخزێتە نێو هەڵوێستە کەسییەکانی مرۆڤەوە لە بەرامبەر یەکتریدا و نەیەتە نێو پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، تەنها وەك مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە. باوەڕی دیموکراسیانە دەبێ هەل بڕەخسێنێ بۆ پێگەیشتنی تواناکانی تاکە کەس، چونکە ئەمە واتا باوەڕبوون بە سەربەخۆیی هەموو تاکە مرۆڤێك لە تواناکانیدا هەروەها گەرەکە هەلی یەکسان لە بەردەم هەمواندا هەبێت تاکو بتوانن گەشە بەو بەخششە سروشتیانە بدەن کە هەیانە. دیموکراسی، هەروەها لە ڕووی پرەنسیپی بەڕێوەبردنەوە بەخشندەترینە، چونکە باوەڕی بە تواناکانی هەر تاکە کەسێك هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی بەدەر لە هەر زۆرلێکردن و دەستبەسەرداگرتنێك. لەمەوە دەردەکەوێ کە دیموکراسی وەك ڕێگای تاکەکەسی بۆ ژیان تەنیا نەبەستراوەتەوە بە باوەڕبوون بە سروشتی مرۆڤ لە دیدە گشتیەکەیدا، بەڵکو باوەڕبوونە بە تواناکانی مرۆڤ بۆ بڕیاردانی ئاوەزمەندانە و کردارنواندنی شیاو بە گوێرەی تێگەیشتنەکانی.

لە دیدی دێویدا دیموکراسی هێندە ڕۆدەچێتە نێو پەیوەندی و هەڵوێستە کەسییەکانەوە تا دەگاتە ئاستی ئەوەی پێیوابێت کە دڵ و دوا گەرەنتی دیموکراسی بریتییە لە پێکگەیشتن و کۆبوونەوەی ئازادانەی تاکەکان بۆ ئەوەی هاوڕێ و جیرانەکان بەیەکەوە و لە سوچی کۆڵانەکاندا کۆببنەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەوەی لە

دەنگوباسی ڕۆژانەدا دەیبینن و دەیبیستن بەبێ ئەوەی لە هیچ دەسەڵات و سانسۆرێکی دەرەکی ترسیان هەبێت. دێوی ئەمەی لە دۆخی ئەوانەوە بۆ دەرکەوت کە لەو وڵات و ناوچانەوە کۆچیانکردبوو بۆ ئەمریکا کە تیایدا گفتوگۆ کەسییەکانیش سانسۆرکرابوون. ڕێگیری و خراپەکاری و هەڵاواردن بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕی ئایینی، سیاسی یان بازرگانی، یاخود بە هۆی جیاوازی ڕەگەزی، ڕەنگ، سامان و چینی کۆمەڵایەتی پێچەوانە و دژبەری دیموکراسین وەك ڕێگایەك بۆ ژیان. وێڕای ئەوە هەموو لەمپەرێکی بەردەم ئازادی و پەیوەندیکردنی ئازادانەی مرۆڤەکان، هەروەها دابەشکاری مرۆڤەکان بۆ چین و کاستی بەرز و نزم دژ بە یەکتری دژبەرە لەگەڵ پەیامی دیموکراسی وەك ڕێگایەك بۆ ژیان. تەنیا و تەنیا گەرەنتی یاسایی بۆ ئازادی مەدەنی، ئازادی باوەڕ، ئازادی گوزارشتکردن و دەربڕین، ئازادی کۆبوونەوە و خۆ-ڕێکخستن، ئازادی پەیوەندیکردن، بەخشین و وەرگرتنی، بیرۆکە، ئەزموون، هەقیقەت، دەتوانێت ڕێگا لە بەردەم دیموکراسیدا ئاوەڵا بکات تاکو ببێتە ڕێگایەکی تاکەکەسی بۆ ژیان. ئەگەرنا سانسۆری دەسەڵات، زۆرلێکردن، ترساندن و سەپاندن مەرجە بنەماییەکانی دیموکراسی تێکدەشکێنن ئەمەش لە دەوڵەتە نا دیموکراسیەکاندا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. (Dewey، ١٩٣٩)

## ٣- ليبراليزم* و تاكگەرايی

ليبراليزم تێگەیەکە پانتاییەکی گەورەی لە بواری هزری سیاسی و فەلسەفی بۆخۆی پاوان کردووە. تێگەیەکە لە ڕواڵەتدا سادە و ڕوون دێتە بەرچاو، بەڵام لە لێکۆڵینەوەدا زۆرترین مشتومڕ و نادیاری بە دووی خۆیدا دەهێنێت. سەرەتاکانی ئەم تێگەیە لە نێو فەلسەفە و هزری سیاسیدا لە ئەوروپا و لە دەمەدەمی ڕۆشنگەریدا لە بەرامبەر ئەو فەزا تاریك و نادیارەی دەسەڵاتی دینی، لە بەرامبەر ئەو پێشێلکاری و ئەتککردنەی ڕێزمەندی مرۆڤ دێتە ئاراوە، بۆیە بۆ هەمیشە وەك تێگەیەکی درەوشاوە خۆی نمایش دەکات، سەرباری ئەو ڕەخنە و تێڕوانینە دژبەرانەی لە بەرامبەر دیدی ليبراڵی و بزوتنەوە ليبراڵیەکان وەستاونەتەوە. فەلسەفەی ليبراليزم پارت و دەسەڵاتە ليبراڵییەکان هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات، بەردەوام ڕەخنە دەکرێن و تێڕوانینەکانیان گفتوگۆی جددی دەکرێت. (جدیدی: ص. ٢٨٢)

ليبراليزم وەك نەخشەڕێیەك یان دەستورێك بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاك و کۆمەڵگا لێی دەڕوانرێت. لێرەدا هەوڵ دەدرێت نێوانگیریەك لە نێوان دوو تایپی کۆمەڵگادا بکرێت، کۆمەڵگایەك کە دەسەڵات خاپوری کردووە و هیچ قوژبنێك نەماوە پریشکی ئاگری دەسەڵاتی بەرنەکەوتبێت، بەمەش هیچ فەزایەك بۆ ئازادیە تاکیەکان نەهێڵراوەتەوە دەتوانین لە نمونەی کۆمەڵگا دیکتاتۆریەکاندا کۆمەڵگایەکی لەمشێوەیە بە ڕوونی ببینین. هەروەها کۆمەڵگایەکی دیکە کە کەمترین هەژموونی دەسەڵاتی تیادا دەردەکەوێت لە ڕێکخستنی شێوازی ژیانی تاکەکانیدا. بەڵام کۆمەڵگای ليبراڵ لە نێوان ئەم دوو تایپەی کۆمەڵگادا مۆڵەق دەوەستێت، نە بوار بۆ

---

* ليبراليزم لە سەر دەستی بیرمەندانی وەك جۆن لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤) و جان جاك ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) بناغەی ڕێژرا و بە دوای ئەوانیشدا چەندین فەیلەسوفی دیکە و چەندین بزوتنەوەی هزری و سیاسی نەك تەنیا لە ئەوروپا بەڵكو لە سەرتاسەری جیهان دەرکەوتن.

پشێوی و شەڕانگێزی بەدەر لە دەسەڵات دەهێڵێتەوە و نە لێدەگەڕێ دەسەڵات بەکەوێتە ویژەی ئازادیەکانی تاك و بوارێك بۆ پیادەکردنی ئازادیەکانیان نەهێڵێتەوە. (جدیدی: ص. ٢٨٦)

دێوی یەکێك لەو فەیلەسوفانەیە کە بە قوڵی دەربارەی ئازادیە کەسیەکان و کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی هزریوە و لە فەلسەفەکەیدا ئەم بابەتانەی بە وردی شرۆڤە کردووە. ئەگەرچی ئەمە تەواو پەیوەست دەبێتەوە بە تێڕوانینە ئامرازگەریەکەیی و کێشەی پەروەردەی دیموکراسییەوە، بەڵام بوارێکیشە دەکرێت سەربەخۆ لە بارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەین.

دێوی لە بنەما ئەزموونگەریەکەیی و باوەڕبوونی تەواوی بە تیۆری پەرەسەندنی داروینەوە دەکەوێتە مامەڵەکردن لە تەك بەها مرۆڤیەکاندا. ئەو کە وایدەبینێت مرۆڤ نە تەنها لە بوارە بایۆلۆجیەکەیدا مەحکومی پەرەسەندنە، بەڵکو لە بوارە بەهایی و مۆڕاڵی و سیاسییەکەشیدا بەردەوام لە پەرەسەندن و گۆڕانێکی بەردەوامدایە. هەربۆیە ئاماژەکانی بەردەم ئازادییە تاکییەکان و بنەما دیموکراتییەکانی پەیوەست بە تاك و کۆمەڵگا ئەوەمان پێدەڵێن کە گۆڕان پەرەسەندنی بەردەوام لەگەڵ خۆیدا بەرەو پێشەوە دەیانبات. ئەوە پەرەسەندنی بنەما دیموکراتییەکانن کە لە سەر بنەمای باوەڕبوون بە ئازادیە تاکییەکان هاوکاری تاك دەکەن تاکو گەشە بە توانا کەسییەکان و بەهرەکانی بدات و بەرەوە پێشەوە ئاراستەیان بکات. (فؤاد: ص. ١١٩-١٢١)

دێوی لە سەر بنەمای باوەڕبوونی بە مۆتیڤە دیموکراسیەکان بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیە تاکیەکان، پێیوانەبوو کە دەوڵەت ببێتە هۆی فەراهەمکردنی فەزای ئازادییە تاکییەکان، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا خۆی ئامادەگی بۆ دەستخستنی ئەم ئازادیە بڕسکێنێ. چونکە دەسەڵات بە سروشت دژ بە ئازادیە تاکییەکانە، تاك و دەسەڵات هەمیشە وەك دوو لایەنی دژ لە هاوکێشەی پەیوەندیەکانی دەسەڵاتداریێتی و ئازادیدا بەرامبەر یەکتری وەستاونەتەوە، یەکەمیان خوازیاری سەقامگیری و ئەویتریشیان داواکاری گۆڕانکاریە. ئەوانەی کە قۆرخی دەسەڵاتیان کردووە هەمیشە دژ بەو بەها نوێیانەن کە دادەهێنرێن و دەیانەوێت لە ڕەگەوە دەسکاری بنیاتی کۆمەڵگا بکەن. ئەم دژبەریە وەك تێکۆشانێکی پارێزکارانە دەردەکەوێ دژ بە بەها نوێیەکان و هێشتنەوەی کۆن لە پێگەی خۆیدا بە مەبەستی دەسەڵاتگەرێتی. واتە کێبەرکێیەکە لە نێوان ئەوانەی خوازیاری هێشتنەوەی کۆن و ئەوانەش کە پێداگیری بۆ جێگیرکردنی باوەڕە تازەکان دەکەن. لە دواجاردا ئەم کێبەرکێ و جەنگە لە نێوان ئەوانەدایە کە لە خۆشیەکانی دەسەڵاتدا نقومبوون و ئەوانەش کە هەست بە پەراوێزخستن و فەرامۆشکردن دەکەن لە لایەن دەسەڵاتەوە.

دێوی بە سوربوونێکی زۆرەوە دەیەوێت نێوەندگیریەك لە نێوان ئەم دوو تایپەی تاك و دەسەڵاتدا بکات. واتە لە دیدی ئەودا نە دەسەڵاتێك شیاوە کە بە تەواوی پیادەی دەسەڵاتداریێتی خۆی دەکات و بوارێك بۆ ئازادیەکانی تاك ناهێڵێتەوە، هەروەها لە پێناو سەقامگیریدا قوربانی بە داواکاریەکانی ئازادی دەدات کە لە لایەن تاکەوە داوا دەکرێت؛ نە تاکێکیش دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیموکراتی ڕێکخراودا هەڵبکات کە خوازیاری ئازادی بێ قەید و مەرج بێت بە تایبەت پەیوەست بە ئابوریەوە ناکرێت کۆنترۆڵ و چاودێری دەسەڵات لەم بوارەدا بە هەند وەرنەگیرێت. هەروەك دێوی دەڵێت: "ئێمە پێوستمان بە دەسەڵاتێکە، بە پێچەوانەی شێوازی کۆنی پیادەکراوە، گەرەکە توانای ئەوەی هەبێت گۆڕانکاریەکان ئاراستە بکات و سودیان لێوەربگرێت هەروەها جۆرێك لە ئازادی تاکیمان گەرەکە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئازادی ئابووری

ڕێشمەنەکراوی بەرهەمهێنا. بەڵکو ئێمە جۆرێك لە ئازادی تاکیمان دەوێت کە گشتییە و هاوبەشە، هەروەها خاوەنی پاڵپشت و ئاراستەکراوە بە کۆنترۆڵێکی دڵنیا کە کۆمەڵایەتییانە ڕێکخراوە" (Dewey, ١٩٣٦)

دێوی پێیوایە سەرباری بەرگریە سەختەکانی دەسەڵات بۆ سەقامگیری و ڕێگیری لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەی تاك خوازیاریەتی، بەڵام هێشتا و هەمیشە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بە توندی و بە شێوەیەکی بەرفراوان هاتوونەتە ئاراوە. هەروەك ئەوەی کە جادوو لە چارەنوسی ئەو دەسەڵاتانە کرابێت کە بەرگری سەخت دەکەن بۆ نەگۆڕان، ئەم بەرگریە سەختانە زۆرجار سەرباری ئەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگایەك بە هەدەر دەدات بەڵام ناتوانێ ڕێ لە گۆڕانکاریەکان بگرێت. هەربۆیە ئەو دەسەڵاتانەی کە بە توندوتیژی ڕووبەڕووی گۆڕانکاریەکان دەبنەوە سەرباری ئەوەی کە توانای ڕێگیریان لە گۆڕانەکان نابێت، ناشتوانن ڕێشمەی گۆڕانەکاریەکان بگرنە دەست و ئاراستەی بکەن، واتا توانای بەڕێوەبردنی ئەو گۆڕانکاریەیان نابێت کە بە شێوەیەکی حەتمی خۆی دەسەپێنێت.

لە بەرامبەردا، ئەو داخوازیانەی تاکیش بۆ گۆڕانکاری کە هەڵگری خولیای ئازادیەکی بێ قەید و مەرجە لە مێژووی دوور و نزیکدا نەیان توانیوە ئەو ئازادیە بانگەشە کراوە بۆ تاك فەراهەم بکەن هەتا بە شێوەیەکی کاتیش. چونکە ئەمانە خوازیاری پیادەکردنی ئازادیەکبوون بەبێ هیچ کۆنترۆڵێکی ڕێکخراو، واتە ئازادیان وەك دەسەڵاتی ئەمری واقع لە ئابوریدا پێناسە دەکرد، لە بری ئەوەی کە ئازادی بۆ ئەوانە فەراهەم بکەن کە پێویستی داراییان هەیە، بە پێچەوانەوە ملکەچی و مەرجی زیاتریان بە سەردا دەسەپێنرا لە لایەن هێزە ئابوریەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنەوە. بۆیە وانەی مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت کە هەموو کۆمەڵگایەك پێوستی بە هەندێك دەسەڵات هەیە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی. هەمیشە ئەو بانگەشانەی ئازادی بێ مەرج لە لایەن دەزگا بانگەشەکارەکانەوە خیانەتی لێکراوە و ڕژێمی ئازادی ئابووری تاکەکەسی لە هەموو ڕوویەوەکەوە سەر لە دیکتاتۆریەتەوە دەردەهێنێ. هەربۆیە خواستی ئەم جۆرە لە سیستەم ئەو هێزە جادوویەی دۆڕاندووە بۆ زاڵبوون بە سەر کۆمەڵگا و ئاراستەکردنی گۆڕانکاریەکان. بە دووی خۆیدا دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەری دیکتاتۆری بەرهەمهێناوە. لەم بوارەدا پێدەچێت هیچ ڕێگاچارەیەك بۆ چارەسەری کێشەی ئازادی و دەسەڵات یان گۆڕان و سەقامگیری نەبێت، چونکە ئەمە وەك کێشەیەکی مێژووی دوور و درێژ تا ئێستا بەردەوامی هەیە. بەڵام پرسیاری ئەوەی کە ئایا چارەسەریەکان لە چیدان؟ ئایا ڕێگایەك ماوە کە تاقینەکرابێتەوە و بتوانێت چارەسەری ئەم ناکۆکییە بەردەوامە بکات؟ یان بە شێوەیەکی باش ئاراستەی بکات؟ (Dewey، ١٩٣٦)

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دێوی زیاتر جەخت لە سەر ڕێکخراو و کۆمەڵە خۆڕسك و لەخۆبوردووە خۆبەخشەکانی کۆمەڵگای شارستانی دەکاتەوە و پێیوایە ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراو و گروپانە دەتوانن فەزای ئازادیە تاکیەکان لە کۆمەڵگادا برەسکێنن و بوارێك بکەنەوە تاکو تاکەکان خۆیان بە ڕێکخستنی خۆیی داکۆکی لە مافەکانیان بکەن و ئەرکەکانیان لە بەرامبەر کۆمەڵگا و حکومەتدا بە باشترین شێوە بەڕێوە ببەن. هەر لە ڕێگەی ئەم خۆڕێکخستنەوە، تاکەکان گونجاندنێك لە نێوان تاکایەتی و کاری هاوبەش دروست دەکەن و بەمەش دەبنە هۆی بنیاتنانی ڕێکخستنێکی سیاسی جیاواز لەوەی کە پێشتر هەبووە. ئەمەیە کە پێمان دەڵێت بیرۆکەکان لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەزموونیەوە دەتوانن گۆڕانی سیاسی بەرچاو بهێننە ئاراوە و هەلیش لەبەردەم ئازادی زیاتری تاکەکاندا برەخسێنن. (Thayer_Bacon، ٢٠١٠)

لێرەوە دەردەکەوێت ئەو کۆمەڵگایەی دێوی دەەوێت کۆمەڵگایەکی دەسەڵاتگەرای هەرەمی نییە کە سیاسیانە لە ڕێگای پێبەندی کۆمەڵایەتییەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئاراستە بکرێت، واتا گۆڕانکاریەکان لەم شێوە کۆمەڵگایەدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە ناسەپێندرێن، بەڵکو پەیوەندیە فرەلایەنەکانی تاکەکان بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان هەموو کۆڕبەندیە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان و لە سەر بنەمای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هەمووان ئاراستە دەکرێت. بەمەش دەردەکەوێ هەموو تاکەکان لە ڕێگەی چالاکییەکانەوە لە نێو گروپ و کۆڕبەندیە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانن بەشداری بنیاتنانی بڕیاری سیاسی و گۆڕانە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵگابن و دەرکی کاریگەریەکانیشیان بکەن لە کۆمەڵگادا. ئەم بەشادریە کۆمەڵایەتییەی تاك لە نێو گروپ و کۆمەڵە خۆبەخشەکانی نێو کۆمەڵگای دیموکرسی سەرباری ڕێکخستنی بەشداری سیاسی تاك لە کۆمەڵگادا ڕێگە لە بەردەم گەشەی تاك و ئاواڵابوونی توانستەکانی دەکاتەوە بۆ ئازادی. ( **Philip,** ٢٠٠٠) لەم شرۆڤەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە گرینگیدانی دێوی بە ئازادی، کەمتر خۆی لە چێوەی ئازادیە تاکیەکان لە سنوری سودگەرایی تاکایەتی نزیکدەکاتەوە، بە پێچەوانەوە ئەو ئازادی تاکەکان لە سنوری کاری هاوبەش و خۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نێو گروپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانیدا دەبینێتەوە. هەروەکچۆن زانایان بۆ کاری بەرهەمدار ناچاری هاوکاری و کاری هاوبەشن، تاکەکانیش بە هەمانشێوە ناچارن بۆ کارێکی بەرهەمدار و سودبەخش، خۆیان لە کۆمەڵە و گروپە خۆییەکانی کۆمەڵگای شارستانیدا ڕێکبخەن و سنوری ئازادیەکانیان لەو چێوە هاوبەشەدا برەو پێبدەن.

دێوی پێیوابوو هەر کێشەیەکی هەنوکەیی نێو کۆمەڵگا و ژیانی تاکەکان دەبێتە هۆی داهێنانی یان پەرەپێدانی بەهایەکی دیاریکراو، هەر لە کۆنەوە بەهاکان بەمشێوەیە ئاواکراون. ئەمە پەیامی ئەوەمان پێدەدات کە نابێت بەهاکان پیرۆزبکرێن بە شێوەیەك هیچ دۆخێکی کۆمەڵایەتی نوێ یان ئاریشەیەکی تازە نەتوانێت بیخاتە بەردەم گۆڕانکاریەوە، چونکە ئەم بەهایانە چۆن لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا داهێنراون یان پەرەیان پێدراوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاریشەیەکی دیاریکراو، ئاوا لە ساتی هاتنە ئارای کێشەیەکی دیکە دەشێ ببنە ڕێگر لە بەردەمی چارەسەرکردن و گەشەکردنی توانستەکانی مرۆڤ بۆ ئاواکردنی ژیانێکی شایستە. ئەم دۆخە لە ئامێرێکی تەکنەلۆجی یان پارچەیەك لە ئامێرێك دەچێت کاتێ تەمەنی بە سەر دەچێت و لەکار دەکەوێت یان توانای نامێنێت بۆ لەخۆگرتنی ئەرکێك کە لە چاو پێشوتردا چەند بار زیادی کردووە، بەمەش ئیدی بەهای سودبەخشی خۆی لە دەستدەدات و ناچاردەبین بیگۆڕین. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەوە دێوی پێیوابوو کە تێڕوانینە کلاسیکییەکانی لیبڕالیزم چیدیکە ناتوانن ببنە هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤی مۆدێرن، بە شێوەیەك لەگەڵ ناوەرۆکە بنەماییەکەی لیبڕالیزم دەربارەی ئازادی تاکەکەسی دژنەیەتەوە. کەواتە دروشمە لیبڕاڵیەکانی قۆناغێکی مێژوویی دەشێت ببنە بەربەست لە بەردەم ئامانجە لیبڕاڵیەکانی قۆناغی دواتر. (**Festenstein**، ٢٠١٤) ئەمە ئەگەر پەیوەست بە لیبڕالیزمەوە ڕاستبێت، ئەوا ئەم تێڕوانینەی دێوی بۆ کۆمەڵگای ئێمە تەواو لە جێگەی خۆیدایە و دەتوانێت کۆمەکی باشمان بکات لە تێگەیشتن لە هۆکار و دۆخی داڕزان و چەقبەستوویی کۆمەڵگای ئیسلامی بە گشتی و کۆمەڵگای ئێمەش بە تایبەتی. کاتێك ئێمە نەك تەنیا لە ڕووی سەربازیەوە، بەڵکو لە ڕووی هزری و بیروباوەڕیشەوە خۆمان لە بەردەم هێزە فێندەمێنتالە چەقبەستووەکانی سەلەفیزمدا دەبینینەوە؛ بە ڕوونی لەوە تێدەگەین کاتێك مۆراڵ و بەهایەکی دیاریکراو پەیوەست بە سەردەمێکی مێژووییەوە پیرۆز دەکرێت و بوارێك بۆ گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ناهێڵرێتەوە چ نەهامەتی و دەردەسەریەك ڕوو دەکاتە کۆمەڵگا.

لە دۆخی چەقبەستنی لەمجۆرەدا کۆمەڵگا لە نێو مەنگاوی خۆیدا بۆگەن دەکات و سەر لە توندڕەوییەوە دەردەهێنێت. هەربۆیە بەها مۆڕاڵی و چارسەرسازیەکانی ڕابردوو دەبێت لە دۆخە تایبەتییەکەی خۆیدا بەهادار ببینرێت و بۆ دۆخێکی دیکە ڕەنگە ببنە مایەی نەهامەتی و لەمپەر لە بەردەم گۆڕان گەشەسەندنی کۆمەڵگادا.

### ١.٣. ڕەخنەی دێوی لە لیبراڵیزمی کلاسیکی

لیبراڵیزمی کلاسیکی کە بەرهەمی هزرینی فەیلەسوفانی وەك لۆك و ڕۆسۆیە و لە پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا دەوڵەت لە ڕێگەی پەیمانێکەوە و بە ئیرادەی خۆیان دەوڵەتێك دروست دەکەن لە پێناوی ئەوەی پارێزگاری لەو مافانە بکات کە سروشت بە مرۆڤی بەخشیوە و ئەو مافانەش وەك هەبوویەکی پێشینەیی وێنادەکات. هەروەها لیبراڵیزمی کلاسیکی دەوەستێتە سەر بنەمای بینینێکی نێگەتیڤانەی ئازادی کە بریتییە لە "ئازادبوون لە". بنەمای ئەم بیرۆکەیەش جەختکردنەوەیە لە مافەکانی تاك و مافە سروشتییەکان، ئەمەش وا دەکات چەقی جەختکردنەوە لەم تایپەی لیبراڵیزمدا بریتیبێت لە تاك نەك دەوڵەت. (Thayer_Bacon)

کرۆکی ڕەخنەی دێوی لە لیبراڵیزمی کلاسیکی لەو پنتەدا چڕ دەبێتەوە کە ئەوان پێیانوابووە مرۆڤ بە ئامادەگیەکی هەمیشەییەوە هەیە و بوونەکەی دەکەوێتە پێش هەبوونی کۆمەڵگا؛ هەروەها پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیش تەنیا لە بەرژەوەندی تاکی پێش-کۆمەڵایەتیبوون هاتوونەتە ئاراوە. بەڵام دێوی لە بری ئەمە پێیوابوو ڕێکخراوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان شتگەلێك نین وەك ئامراز بۆ بەرژەوەندی تاکەکان لێبڕوانرێن، بەڵکو ئامرازێکن بۆ دروستکردنی تاکەکان. هەروەها دێوی تاك و دەوڵەت یان تاك و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان وەك دوو ڕووی هەمان هەقیقەت یان هەمان ئامادەیی ڕیاڵ وێنادەکات، مادامەکی ئەوان لە بنەما و تێگەوە بە یەکەوە گونجاون. دەشێت بەریەککەوتن و ناکۆکی لە سەر هەر کێشەیەکی دیاریکراو لە نێوان تاك و کۆمەڵگادا هەبێت، بەڵام ئەم کێشەیە بە بەرچاوڕوونیەوە چارسەر دەکرێت، نەك وەك کێشەیەکی هەمیشەیی بێ چارسەر لە نێوان دوو جەمسەری لێکدابڕاو وێنا بکرێت. هەر وەك دێوی دەڵێت: "مادام لە ڕووی تیۆریەوە تاك و دەوڵەت بۆ پێکەوەژیان پێویستن هەروەها بۆ یەکتری سودبەخشن، بۆچی گرینگییەکی زێدە بخەینە سەر ئەو هەقیقەتەی کە لە دەوڵەتێکدا گورپێك لە تاکەکان بە دەست دۆخێکی چەوساندنەوەوە دەناڵێنن". بەرژەوەندی هیچ گروپێکی کۆمەڵگا بە تەواوی دژبەر و پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵگایە نییە کە خۆیان تیایدا دەژین و بەشێکن لێی، چونکە تەنیا و تەنیا دەتوانن لە جوغزی ئەو کۆمەڵگایەدا ئەو بەرژەوەندیەیان هەبێت و هەوڵی بەدیهێنانی بدەن نەك لە دەرەوەی ستاتوی ئەو کۆمەڵگایەدا، هەربۆیە دۆخی ئۆپۆزسیۆن و دژبەری کۆمەڵگا لە لایەن هەر گروپێکەوە دۆخێکی تێپەڕ و ڕواڵەتییە نەك بنەمایی. (Dewey, ١٩٢٠)

کەواتە ئەم وێناکردنە سەربەخۆ و لێکجودایەی تاك و کۆمەڵگا لە دیدگای لیبراڵیزمی کلاسیکیدا هەڵەیەکی گەورەیە کە بە سەر هزرڤان و تیۆرسێنانیدا تێپەڕیوە. ئەم دابەشکاریە بۆ دێوی بریتییە لە مەیلی دابەشکردنی دیاردەیەکی ئەزموونکراو وەك گشتێك بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی و دواتریش مامەڵەکردن و وەرگرتنی ئەو بەشە جیاکراوانەیە وەك هەقیقەت و بوونێکی ڕیاڵ و سەربەخۆ لە بوونە گشتییەکە، لە کاتێکدا ئەوان تەنها بە یەکەوە هەن و ناتوانن بوونی خۆیان بە لێکجودایی و بەبێ یەکتری ڕیالیزە بکەن. ئەم پرۆسەیە بۆ دێوی بریتییە لە ئەبستراکتکردن یان هەڵاواردن لە دۆخێکی دیاریکراوەوە بۆ دۆخێکی

دیکە کە لە لێکۆڵینەوەدا گرینگی تایبەتی هەیە، بەڵام هەرکاتێك ئەم دابەشکاریە بەرەو ئەوە چوو کە بەشە دابەشکراوەکان وەك یەکەی سەربەخۆ و لێکجودا هەروەها خۆبەس مامەڵە بکرێن ئەوا ئەم دابەشکاریە گرینگی خۆی لە دەست دەدات و بەرەو هەڵە سەردەکێشێت. ئەمە ئەو هەڵەیە بوو کە لیبرالیزمی کلاسیکی دەرهەق بە تاك کردی، کاتێك تاك هێنرایە چەقی بایەخپێدان و وەك بوونێکی سەربەخۆ لە کۆمەڵگا وێناکرا و تێڕوانینی ئاراستەکرا. بۆ دێوی تاك شتێکی چەسپاو و هەمیشە ئامادە نییە، بەڵکو بوونێکە دیارد دەهێنرێت و ئەم دیاردهێنانەش بە تەنیا و بە دابڕاوی شیاوی ڕیالیزەکردن نییە، بەڵکو بە هاوکاری و هەماهەنگی دۆخگەلە مادی و ڕۆشنبیریەکان؛ لەوانە ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و ئابوری و یاسایی و سیاسیەکان هەروەها بە یاریدەی هونەر و زانست...تاد دەتوانرێت دیارد بهێنرێت. ( Dewey, the further of liberalism, ١٩٣٥)

## ٢.٣. ئازادی

ئەم هەڵاواردنەی تاك لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکەی کە لە تێڕوانینەکانی لیبرالیزمی کلاسیکیدا بەگەڕخرا، تەنیا لە بواری تیۆریدا نەمایەوە بەڵکو لە بواری مۆراڵیشدا ئەنجامگیربوو. مادامەکی تاك وەك خۆبەس خۆی وێنابکات و وا بڕوانێت کە ئەو یەکەی پێکهێنەری بنەماییە لە کۆمەڵگادا و بەمەش بووەتە چەقی گرینگیپێدان و چەقی ڕوانینەکان، ئیدی ئەمە بەسە بۆ ئەوەی کە پێیوابێت دەبێ هەرچی لەمپەر و کۆتێکی دەرەکییە لە بەردەم کردە ئازادەکانیدا هەڵبگیرێت، بۆ نمونە نابێت هیچ پێبەندیەکی یاسایی لە بەرامبەر ئازادی دەربڕیندا بهێڵرێت، یان نابێت هیچ کۆت و بەندێکی دەوڵەتی لە بەرامبەر ئازادیە سێکسی و سیاسی و ئایینی و ڕۆشنبیری ...تاد هەبێت. سەرەڕای ئەوە، ئەم دیدگایەی لیبرالیزمی کلاسیکی شێوەگیری بە جۆرێك لە فەلسەفەدا کە جەختی لە سەر شێوەیەکی تایبەتی تاك هەروەها ئازادی دەکردەوە وەك ئەوەی کە شێوەیەکی ڕەهابن و خاوەنی هەقیقەتێکی نەمربن؛ واتە بۆ هەموو کات و شوێنێك شیاوبن. بەڵام ئەم تێڕوانینە پەڕگیرەی لیبرالیزم و ئەم ڕەهاگەریە هەموو ڕێژەگەراییەکی کاتی ڕەتدەکردەوە و فەرامۆشی دەکرد، بۆیە دێوی پێیدەڵێت "لیبرالیزمی ساختە pseudo_liberalism" و بە شیاوی نابینێت، چونکە لە زۆر باردا خراپەکاری بەرهەمهێنا بە شێوەیەك هیچ کەسێك نەیدەتوانی چارەیەك بۆ ئەو نالەباریە بدۆزێتەوە کە لە دەرەنجامی پیادەکردنی ئازادی جڵەونەکراو لە بواری بازاڕ و ئابوریدیدا خستیەوە و بەرهەمی هێنا (Dewey، the future of liberalism, ١٩٣٥) لەمەوە دێوی ئازادی تەنیا لە هەڵگرتنی پێبەندە دەرەکییەکاندا نابینێتەوە، بەڵکو ئازادی لەوە فراوانتر و بنەمایی تر دەبینێت.

کاتێك لە تێڕوانینی کۆندا وا دەبینرا کە تاك بە چێوەیەك لە مافەکان دەورەدراوە و پارێزگاری لێدەکرێت، بەمەش لە چوارچێوەی ئەو مافانەدا بە تەواوی ئازادیەکەی دیاریدەکرێت. بە دەربڕینێکی دیکە، ئازادی لەم شێوە تێڕوانینەدا بریتییە لە هەڵگرتنی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگرن لە توانستەکانی تاك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کەسیەکانی کە خوازیارە بەدییانبهێنێت. بەڵام دێوی وایدەبینی ئەم تێڕوانینە نێگەتیڤە لە نەنگییە مۆراڵی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو دیدە کلاسیکییەی لیبرالیزمەوە سەردەڵدەدات کە تاك بە بنەما دەگرێت، ئەگەرنا ئەوەی بۆ ئازادی بە بایەخە لایەنە پۆزەتیڤەکەی دیاردهێنانی تاکە لە کۆمەڵگادا نەك لایەنی نێگەتیڤی لابردنی بەربەستی دەرەکی. (Festenstein)

بۆ دێوی ناواخنی تاك و ئازادی پڕ نییە، بەڵكو لە نێو مێژوودا پڕ دەکرێت و بەهای پێدەدرێت هەروەها بە گوێرەی کات گۆڕانی بە سەردا دێت، واتا گۆڕانی کۆمەڵایەتی، تاك لە پێنەگەیشتوییەوە بەرەو پێگەیشتن و خۆدیاردهێنان ئاراستە دەکات. ئەمەش تەواو دیدێکی ئەزموونخوازانەیە و بە تەواوی جەخت لە بنەمای پتەوی نێوان ئەزموونخوازی و ڕێژەگەرایی مێژوویی دەکاتەوە. واتە بەهاکان لە نێو مێژوودا بە دیاردەکەون و تاکیش بە ژیانکردن لە نێو کاتدا ئەزمونی زیاد دەکات و بەهاکان لە خۆیدا دیارد دەهێنێ. لیبڕالیزمی کلاسیکی بەم دیدە ڕەهاگیرەیەوە تەواو لە دەرەوەی مێژوودا دەخولێتەوە و ناتوانێت دیدێکی ڕوونی بۆ گۆڕانەکانی نێو مێژوو هەبێت. ئەم تێڕوانینەی دێوی کاریگەری مارکس و داروینی بە ڕوونی پێوە دیارە و دێوی خۆیشی تێڕوانینی مێژووگەرایانەی مارکس و پەرەسەندنی داروین وەك پنتی دژ بە تێڕوانینەکانی لیبڕالیزمی کلاسیکی بە هەند وەردەگرێت. ( Dewey: the future of liberalism, ١٩٣٥ & Dewey: Liberalism and Social Action, ١٩٣٥)

بۆ ئەوەی بە ڕوونی دید و تێڕوانینی دێوی دەربارەی تاکگەرایی بزانین پێویستە سێ ڕەگەزی بنەمایی لە فکری ئەودا دیاری بکەین. بێگومان ئەوەش بە لەبەرچاگرتنی ئەوەی کە پێویستە کۆمەڵایەتیانە بێت هەروەها هەرشتێك کە دەربارەی تاك باسی لێوە دەکەین بتوانرێت پیادە بکرێت تاکو چێژبەخشبێت بۆ تاك:

***ڕەگەزی یەکەم:*** ئازادی خۆی لە توانستە بنەماییەکان و ئیرادەخوازی تاکەوە بۆ بیرکردنەوە و وێناکردنی ئامانج و ئاوات و پرۆژەکانی سەرهەڵدەدات و توانا بە تاك دەدات لە سەر بنەمای ئەو وێناکردنە بەدیانبهێنێت. تاکایەتی لەم شێوەیەدا کە دێوی پێیدەڵێت هەستی لاواز "weak sense" لە نێو فەزایەکی گشتیدا شایستەی ڕیالیزەبوونە، بەڵام لە شێوە تایبەتمەندەکانی کاردانەوەی هەر تاکەکەسێك بۆ ژینگەکەی دەوروبەری بە دیاردەکەوێت، چونکە هەر کەسێك لە شێوەیەکی تایبەتمەندی هەستکردن بەرامبەر ژینگە دەتوانێت کاردانەوەی بۆی هەبێت و لە ڕەفتاریدا ڕەنگبداتەوە. شێوەی تایبەتمەندی هەستکردن بە کاریگەریەکانی جیهان بۆ دێوی لە بینینێکی لایەنگیرانەی کاریگەریەکانی جیهاندا ئەنجامگیر دەبێت. واتا دەشێت ڕووداوگەلێکی نێو ژینگە بۆ کەسێك بایەخدار و بۆ کەسێکیش وانەبێت. بەڵام تاکایەتی لەو شێوەیەدا کە بە هەستی بەهێز "strong sense" ناودێر دەکرێت و بۆ کێشەی لیبڕالیزم بایەخدارە؛ بریتییە لە توانا کەسییەکانی تاك بۆ "هەڵبژاردن" کە ئەمە مۆرکێکی تاکەکەسیانەی بەهادارە بۆ هەرکەسێك. بەڵام ئەوە لای دێوی کێشەیەکی سادە و تێپەڕ نییە کە تەنها لەوەدا کورتبکرێتەوە کە تاك هەڵبژاردەیەك بە سەر ئەوانیدیکەدا هەڵدەبژێرێت، بەڵکو ئەم توانستی هەڵبژاردنە بۆ دێوی دەبێتە بنەماییترین مۆرکی کەسایەتی تاکی لیبڕاڵ لە نێو کۆمەڵگادا. چونکە هەڵبژاردن مانای هەبوونی هەستێکی بەهێزی ڕەخنەکردنی سەرجەم هەڵبژاردەکانی دیکەیە کە لە بەردەستی تاکدان لە ساتی هەڵبژاردندا. لەمەوە دەگەین بەو کێشە بنەماییەی کە دێوی دەیهێنێتە پێشەوە، ئەویش بریتییە لە داوای وێناکردنی ئەڵتەرناتیڤە بابەتییەکانی داهاتوو، تاکو تاك لە ڕێی ئاڵوگۆڕەکانەوە توانای هەڵبژاردنی یەکێك لە هەڵبژاردەکانی هەبێت بۆ داهاتوو، لەمەشەوە چانسی ئامادەگیمان لە داهاتوودا لە ڕێی هەوڵەکانمانەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤێکی دیاریکراوەوە دەبێتە پێوانەی ئازادیمان لەو ساتەوەختەدا کە تیایدا دەژین.

***ڕەگەزی دووەم:*** لەبەرئەوەی تێوەگلان لە بەشداریکردن لە شێوەگیری دۆخێکی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری لە سەر کەسایەتی تاك دەبێت، بۆیە لە تێڕوانینی دێویدا ئازادی تاکەکەسی شتێکی کۆمەڵایەتیانەیە. ئازادی بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنە ئەو کاتە دەسگیر دەبێت کە شیمانە کەسییەکان لە نێو دۆخگەلە کۆمەڵایەتییە

جۆربەجۆرەکان و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەلاقەیەك بۆ خۆئاوەڵاکردن یان خۆدیاردهێنان بکەنەوە. هەروەها هێزێك بە دەستدەهێنێت بۆ بەشداریکرنی کۆمەڵایەتیانەی خۆیی کە جیای دەکاتەوە لە ئەوانی دیکە. بەڵام نابێ ئەوە لەبەرچاو نەگرین کە هاوکات ئەو تاکە هاوبەشە لە بەرهەمێکی گشتیدا کە زادەی کارکردن و بیرکردنەوەی هەموو تاکە ئازاد و بەشدارەکانی کۆمەڵگایە کە هەریەکە بە ڕێگای جیاواز و تایبەتمەندی خۆی هەوڵی بۆ داوە. کەواتە ئازادی لە تێگەیشتنە پڕ و تەواوەکەیدا، لە دەرەوەی فۆڕمی یاسای کۆمەڵایەتی پیادەکراو لە هەر کۆمەڵگایەکدا نەشیاوی دەسگیربوونە. واتە لەو شێوەیەدا کە هەمووان بەشداری لە شێوەگیری دۆخێکی ژیانی هاوبەشدا دەکەن.

***ڕەگەزی سێیەم:*** دێوی لە بری تێگەی هەل، تێگەی پیادەکردنی ئازادی بە بنەما دەگرێت. هەندێك لە تێڕوانینەکان دەربارەی ئازادی پێیانوایە کە پێویستە تاك بە دووی ئەو ئامانجانەدا بڕوات کە لە لایەن تیۆرێکی دیاریکراوەوە بۆ چاکە داڕێژراوە، لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانێ پیادەی هەلەکانی بەردەمی بکات بۆ دیاردهێنانی ئازادیە کەسییەکانی. ئەمە بۆ دێوی وا دەکەوێتەوە کە تاك تەنیا بە جێبەجێکردنی ئەم شێوازە لە تێگەیشتنی ئازادی دەتوانێت ڕێگەی ئازادبوونی تاکەسیانە بدۆزێتەوە. واتا بەهای ئازادیە تاکییەکان پێویستی بە دووبارە بنیاتنانەوەی سیستەمی کۆمەڵگا هەیە لە سەر بنەمای بەشداریکردن و دیموکراسی، کە بۆ دێوی بریتیین لە دوو بەهای جەوهەری سەبارەت بەم کێشەیە. (Festenstein)

### ٣.٣. کردەی کۆمەڵایەتی

ئەم جۆرە لە ئازادی تاك کە دێوی و هەندێ لە ئایدیالیست و نیولیبراڵەکانی جەختیانلێکردوە، بەشێکە لە گفتوگۆی دیاریکردنی بوارێکی شیاو بۆ کاری سیاسی. چونکە تاك لە کۆمەڵگادا هەمیشە بەستراوەتەوە بە هەڵوێست و کردە سیاسیەکانیەوە ناتوانرێت لێی داببڕێت. دیدی دێوی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا دژبەر و ناکۆکە لەگەڵ تێڕوانین و پێناسە کلاسیکیەکانی لیبڕالیزمدا، هەربۆیە پەیوەست بەم پرسەشەوە لە ناکۆکیدایە. بۆ دێوی شیاوترین بواری کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێت ئەزموونگەریانە نەخشێنرابێت. لای دێوی گەرەکە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی زیرەك جێی بنەمای لیبراڵی کارکردنی بێ چاودێری بگرێتەوە ئەمە مەرجێکی دانەبڕاوی ئازادی پۆزەتیف یان تاکگەرایی پراگماتیانە، واتا ناشێت کۆمەڵگا و تاك بەبێ هیچ کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتی و لە ژێر دروشمی لیبڕالیزمدا پیادەی بازاڕێکی بێ چاودێری بکەن، چونکە ئەمە دواجار سەردەکێشێت بۆ یاسای جەنگەڵ کە تیایدا بەهێزەکان لاوازەکان قوت دەدەن. لە بەرامبەریشدا بۆ دیاردهێنانی ئەمجۆرەی ئازادی، دێوی ڕێگە بە هەموو ئامرازێکی ڕێخۆشکەر لەبەردەم دیارهێنانی تاکگەرایی دەدات، لە سەر ئەو بنەمایەی کە تاکگەریی مەرجێکی بنەمایی ئازادیە. ئەو لە بری لابردنی کۆنترۆڵ جارێکیدیکە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە، چونکە پەروەدە دەتوانێت تاکی سەرکز و ڕێشمەکراو نەهێڵێت و لە سەربنەمای تاکگەرایی و خۆییبوون ئاراستەیان بکات، لە هەمان کاتیشدا تاکی پەروەردەکراو تاکێکە لەوە تێدەگات کۆنترۆڵەکانی بازاڕ بۆ فۆرخکردنی ئازادیەکانی ئەو نییە بەڵکو بۆ ڕێگرتنە لە فۆرخکردن و ڕوتاندنەوەی ئەو بە ناوی بازاڕی ئازادەوە. (Festenstein)

لێرەوە جارێکیدیکە دەگەینەوە بە کرۆکی ئەو ڕەخنەیەی کە دێوی لە لیبڕالیزمی کلاسیکی گرتی، ئەویش بریتیبوو لە ونکردنی دیدی ڕێژەگەرایی مێژوویی کە بۆ ئەو کاتەی لیبڕالیزمی کلاسیکی تیایدا گەشەی کرد نەبوونی دیدیی مێژووکردانەی بەهاکان دەشێ سودی پراگماتیانەی خۆی هەبووبێت، چونکە چەکێکی بەهێزی پێبەخشین دژ بە نەیارەکانیان، پەیامی یەکسانی ئازادی مرۆڤ وەك مافی بنەڕەتی و هەمیشەیی

مرۆڤ دژ بەو نادادی نایەکسانیەی هەبوو، پەیامێکی بەهێز و چەکێکی کاریگەرە. بەڵام لە بەرچاونەگرتنی مێژوویتی پەیوەست بەم پرسەوە دواتر دەبێتە لەکەیەك کە باجی خۆی لە لیبرالیزم دەستێنێتەوە. ئەم بەرچاونەگرتنە وا دەکات لیبراڵیەکان ئەوە نەبینن کە ئازادی و تاکگەرایی و ژیری مرۆڤ لە خودی خۆیاندا مێژوویانە ڕەنگرێژکراون و هەمیشە پەیوەستن بە کاتی خۆیانەوە. ئەمە وایکرد ئەم بەهایانە وەك بەهای سەرمەدی و دروست بۆ هەموو کات و سەردەمێك لێبڕوانن، بەمەش دیدی ڕێژەگەرایی مێژوویی لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا ون دەبێت.

ئەگەر دیدی ڕێژەگەرایی مێژووی لە بەرچاوگیرابا هەرگیز تێڕوانین و باوەڕەکانیان وەك دروست بۆ هەموو کات و سەردەمێك وێنا نەدەکرد و دەرکی ئەوەیان دەکرد کە ئازادی کاریگەر کردە یان چالاکییەکە پەیوەست بە هەر دۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە دەشێت لە هەر کاتێکدا بوونی هەبێت بەمەش دەرکی ئەوەیان دەکرد کە پەیوەندییە ئابوریەکان دەبنە هێزێکی کۆنترۆڵکەری پەیوەندییە مرۆڤیەکان، لێرەوە داخوازی بۆ ئازادی مرۆڤ وەك لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا بانگەشەی بۆ دەکرا پێویستی بە کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتی دەبێت بۆ هێزە ئابوریەکان، ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی تاکەکان تاکو هێزە ئابوریەکان نەبنە بەربەست لە بەردەم ئازادی تاکدا. لەمەوە دەردەکەوێ لیبرالیزمی کلاسیکی بەهەڵەدا چووە لە جیاوازیکردن لە نێوان ئازادی فەرمی و یاسایی لەگەڵ ئازادی کاریگەر لە بیرکردنەوە و کردارنواندندا. ( Dewey؛ Liberalism and Social Action, ١٩٣٥)

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، مۆرکی لیبراڵی و دیموکراسیانەی کردە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کێشەی تاکگەرایی بایەخی تایبەتی هەیە. لای دێوی، مافە لیبراڵیەکانی تاك وەك ئازادی دەربڕین و بیرکردنەوە و هەڵوێستنواندن لە سەر بنەمای تاکی لیبراڵ هەرگیز پارێزراونین، بەڵکو بۆ ئەوەی پارێزراوبن پێویستە ڕێکبخرێن. تاکگەرایی کە ئامانجە باڵاکەیە و هەر لە سەرەتای لیبرالیزمەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، ئەو کاتە بەدیدەهێنرێت کە تاك ڕێگای تایبەتی خۆی دیاریبکات لە بری ئەوەی تێڕوانین و بیروباوەڕێکی تایبەتی بە سەردا بسەپێنرێت. واتا گەرەکە تاك خۆییانە لە سەر بنەمایەکی دیموکراتی کردەکانی خۆی دیاریبکات نەك لە ڕێگەی هێزە ئابوری یان سیاسیەکانەوە ناچار بە شێوەیەکی ڕەفتار نواندن بکرێت، لەمەوە دەردەکەوێت کە دیاریکردنی ئازادی لە سەر بنەمای بە سەنتەرکردنی تاك تەنها ڕێگا لە بەردەم کردەی سیاسی بە ناوی تاکگەراییەوە خۆشدەکات، لە بری ئەوەی خواستە تاکگەراییەکان بهێنێتەدی. ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو ڕەخنەیە کە پێیوایە دەبێ لێبگەڕێین تاك چی دەوێت بیکات، لە بەرامبەر ئەوەدا، دێوی شێوەیەکی بەرفراوانی دیموکراتی بۆ کردەی کۆمەڵایەتی وەك نەشیاوی دەستبەرداری دەبینێت. (Festenstein)

**دەرەنجام:**

**١ . هەموو بیرۆکەیەك دەبێت وەك دەسوێژێك بۆ گۆڕانە بنیاتییەکانی تاك و کۆمەڵگا ببینین. بیرۆکەکان خۆیان هەڵگری بەها نین، بەڵکو لە نێو پرۆسەی کۆمەڵایەتی و لە بواری پراکتیکیدا بەها وەردەگرن و دەبێت ئامرازێکی گۆڕانپێدانی ئەم دۆخە کۆمەڵایەتییەش بن.**

**٢. بیرۆکەکان مادام لە نێو پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا بەها وەردەگرن، هەر لە نێو ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە مێژووییەش لە بەها دەکەون. واتا هیچ بیرۆکەیەکی پیرۆزمان نییە کە لە ئەزەلەوە پیرۆزبێت و تا کۆتاییش بە پیرۆزی بمێنێتەوە. چونکە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەشێت بەها لەم بیرۆکەیە وەربگرنەوە و لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتردا ئەم بیرۆکەیە بێ ڕۆڵ بکەن.**

**٣. هەموو هەوڵدانێك بۆ پیرۆزی بەخشین بە بیرۆکەکان سەر لە دۆگماتیزمەوە دەردەهێنێت. چونکە لە بری ئەوەی بە گوێرەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی بەها بە بیرۆکەکان بدات، ئەوا بە گوێرەی بیرۆکەکان دۆخی کۆمەڵایەتی لە قالب دەدات. بەمەش کۆمەڵگا توشی چەقبەستن و وەستانێکی نا سروشتی دەکات، ئەم بیرۆکەیە لە بری ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات، خۆی دەبێتە کێشە و ڕێگر لە بەردەم پێشڤەچوونی کۆمەڵگادا.**

**٤. دیموکراسی، تەنیا بیرۆکەیەك نییە کە لە نێوەندی سیاسەتدا سودی لێوەربگیرێت، واتا تەنیا ڕێگەیەك نییە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و شێوازێکی حوکمڕانی؛ بەڵکو دیموکراسی لە نێوەندە کۆمەڵایەتی و ژیاریەکانی مرۆڤیشدا نەشیاوی دەستبەرداری و شایستەی ڕۆڵگێڕانێکی بەردەوام و سەنتەریە. واتا دیموکراسی شێوازی ژیانکردنی کۆمەڵگا و تاکە. بەبێ دیموکراسی دۆخی کۆمەڵایەتی نادادی و ستەمکارانە بەرقەرار دەبێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بە سەر دۆخی سیاسی حوکمڕانییەوە دەبێت.**

**٥. هەموو پەلەقاژەیەکی دیموکراسی لە نێوەندی سیاسیدا بەبێ جێگیرکردن و گەشەپێدانی دیموکراسی لە بواری کۆمەڵایەتی و خێزانیدا، بێ ئاکام دەمێنێتەوە. واتا دیموکراسی دەبێت ڕۆبچێتە نێو هەموو کوون و قوژبنێکی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە و لە بچوکترین هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان تا گەورەترین هەڵوێستە سیاسییەکان ڕەنگبداتەوە و نەخشی خۆی دابنێت. ئەگەرنا هەموو باسکردنێك لە دیموکراسی تەنیا لە توێکڵی کێشەکەدا دەمێنێتەوە و کرۆکی کێشەکەش وەك خۆی بە چارەسەرنەکراوی دەهێڵرێتەوە.**

**٦. ئەم ڕەگداکوتینە کۆمەڵایەتییەی دیموکراسی بەبێ پەروەردەیەکی دیموکراسیانە وەك مەحاڵ دێتە بەرچاو. چونکە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ڕێژەیەکی بەرچاو جیاوازی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە. جیاوازی ئیتنیکی، ئایینی، مەزهەبی، خێڵەکی، نەتەوەیی، زمانی و شێوەزاری، ئەمە سەرباری تێڕوانینی جیاوازی سیاسی و فرەگروپی و لێکجودایی ئاستی ڕۆشنبیری و ئابووری...تاد. لێرە هەموو کۆمەڵگایەك پێویستی بە ئیدیالێکە کە بتوانێت هەموو ئەم جیاوازیانە لە خۆیدا هەلبگرێت و لە پێناوی ئەم ئیدیالەدا هەموو جیاوازیەکان بتوانن بە یەکەوە هەڵبکەن و لە ڕێگەی دیموکراسییەوە شێوەیەك یان ڕێگەیەك بۆ بەیەکەوە ژیان بدۆزنەوە. دیارە دروستکردن و گەشەپێدانی ئەم ئیدیالەش لە ڕێگەی پەروەردەوە نەبێت شیاوی ئەنجامدان نییە.**

**٧. پەروەردە دەتوانێت پالپشتێکی بەهێزی پرۆسەی دیموکرسی بێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیربچێت کە پەروەردە دەشێت وەك چەکێك کە هەم باشە و هەم خراپەی پێ دەکرێت ڕۆڵ ببینێت؛ بۆیە ئەو پەروەردەیەی کە لێرەدا مەبەستە بە دیاریکراوی پەروەردەی دیموکراسییە کە تیایدا پەرە**

به بیرۆکەکانی ئازادی تاك، جیاوازی و بەیەکەوە ژیان، مافی مرۆڤ، ڕێزگرتنی بەرامبەر، دادگەری کۆمەڵایەتی...تاد دەدات. واتا له کۆمەڵگای دیموکراسیدا ڕێگه به بەلاڕێدابردن و پەروەردەی نادیموکراسی نادرێت، بەڵکو ڕێزگرتنی جیاوازیەکان بنەماکانی مافی مرۆڤ دەبنه پێوەر له کۆمەڵگای دیموکرسیدا.

٨. له چێوەی کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا که به پەروەردەیەکی دیموکراسیانه پشتئەستوره، باشترین ڕێگه و شێواز بۆ ئازادی تاك و پەرەپێدانی تواناکانی دەکرێتەوە. ئەمه له دیدی دێویدا لەو بنەمایەوە چەکەره دەکات که ئەو باوەڕی به ئازادی بێ قەید و مەرج نەبوو وەك لیبڕالیزمی کلاسیکی بانگەشەی بۆ دەکرد، هەروەها به هۆی ئەو مۆرکە داپڵۆسێنەرەی که هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی هەیەتی باوەڕیشی وا نەبوو که ئازادی بەرهەمی دانپێدانانی دەسەڵاتبێت بۆ تاك. بەڵکو وایدەبینی که دەبێت ئازادیەکی ڕێکخراو له کۆمەڵگای دیموکراسیدا به هەوڵ و کۆششی تاکەکان خۆیان بەرهەمبهێنرێت، ئەمەش له ڕێگەی خۆ ڕێکخستن و تەقەلای بەردەوام بۆ فراوانکردنێکی ڕێکخراوی مەوداکانی ئازادی تاك له کۆمەڵگادا.

٩. ئازادی بێ قەید و مەرج له کۆتاییەکانی سەدەی هەژده و له سەدەی نوزدەهەمدا بووه هۆی به کاڵاکردنی مرۆڤ و بەگیرهێنانی تاك به تایبەت له بواره ئابووریەکەیدا وەك نەهامتییەك به سەر مرۆڤایەتییدا شکایەوە. ئەزموونی مرۆڤایەتی ئەوەی پێگوتین ئازادی بێ قەید و مەرج تەنیا وەك بانگەشه جوانبوو ئەگینا له بواری کرداریدا بووه هۆی مۆنۆپۆلکردنی سەرچاوەکانی دارایی و دووباره کۆتکردنی مرۆڤەکان له ڕێگەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و دابەشکردنەوە. بۆیه ئازادی تاك گەرەکه له چێوەی گروپه کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خۆڕێکخستنی تاکەکانەوه بەرهەم بهێنرێت. ئەمەش لەو دیدەوە که تاك و کۆمەڵگا دوو یەکەی لێکدابڕاو و ناپەیوەستی سروشتی نین، بەڵکو دوو کایەی پەیوەست و هەماهەنگن لێکدابڕینیان دەرەنجامی باش نادات له ڕووی پراکتیکییەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی ئینگلیزی

### سەرچاوەی سەرەکی:


١- Dewey, John (1930) Three Independent Factors in Morals, pp. 315-320. Available at: https://books.google.iq/books?id=9oImpaGGj-gC&pg=PA279&lpg=PA279&dq=three+independent+factors+in+morality,+Dewey&source=bl&ots=vtC0E5Qhsy&sig=RmLpY7hzAbwNLGn_56GOkuCGta8&hl=en&sa=X&redir_esc=y#v=onepage&q=three%20independent%20factors%20in%20morality%2C%20Dewey&f=false

٢- Dewey, John (2009) Democracy and education, Feather Trail Press, USA.

٣- Dewey, John (1903) Democracy in education, the University of Chicago Press, Vol. 4, No. 4, pp.193-204. Available at: http://www.jstor.org/stable/992653

٤- Dewey, John (1939) Creative Democracy (the task before use), American Education Press, Vol.14, No.14, New York City, pp. 227-233. Available at: http://www.beloit.edu/~pbk/dewey.html.

٥- Dewey, John (1936) Authority and Freedom, Survey Associates, Inc., Vol.25, No. 11, p.603. Available at: http://newdeal.feri.org/survey/36603.htm.

٦- Dewey, John (1920) Reconstruction in Philosophy, Henry Holt and company, New York, pp. 191-194. Available at: http://www.gutenberg.org/files/40089/40089-h/40089-h.htm.

٧- Dewey, John (1935) the future of liberalism, the journal School and Society. Available at: http://www.heritage.org/initiatives/first-principles/primary-sources/john-dewey-on-liberalisms-future.

٨- Dewey, John (1935) Liberalism and Social Action, The U.S Constitiution: A Reader, PP. 619-628. Printed by Hillsdale College Press, 2012.


### سەرچاوەی لاوەکی:


٩- Sundin, Olof & Jenny Johannisson (2005) Pragmatism, neo-pragmatism and Sociocultural Theory, Emerald Group Publishing, Vol. 61, No. 1, pp. 23-43. Available at: https://emastromatteo.files.wordpress.com/2010/10/articulo-3.pdf.

١٠- Peirce, Charles Sanders & others (1984) Pragmatism (the classic writings), Edited by: H. S. Thayer, Hackett Publishing Company, USA.

١١- Robert, C. Solomon & Kathleen M. Higgins (1996) A Short History of Philosophy, Oxford University Press, New York – Oxford, pp.262-263.

١٢- Rosales, Jose Maria (2012) Democracy as a Way of Life (Critical Reflections on a Deweyan Theme), Revista de Filosofía Política, Vol. 27, pp. 155-165.

١٣- Thayer-Bacon, Barbara J (2010) Education's Role in Democracy: The Power of Pluralism, University of Tennessee, Ethics & politics, XII, pp. 134-156. Available at: http://www2.units.it/etica/2010_1/THAYERBACON.pdf.

١٤- Philip, Cam (2000) Teaching Philosophy for Democracy, In-Suk Cha (ed.), Seoul: Seoul University Press, pp. 158-181. Available at: http://www.philosophyinschoolsnsw.org/?page_id=91.

١٥- Festenstein, Matthew (2014) Dewey's political philosophy, Stanford Encyclopedia of Philosophy, Thu Feb 6. Available at: http://plato.stanford.edu/entries/dewey-political/#3.

١٦- Thayer-Bacon, Barbara: Beyond Dewey's Liberalism. Available at: http://docs.lib.purdue.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1054&context=eandc.

**دووەم: بە زمانی ئەرەبی**

١٧- كرم، يوسف: تاريخ الفلسفة الحديثة، دار القلم، بيروت – لبنان.

١٨- جديدى، محمد (٢٠٠٥-٠٦)٢الحداثة و ما بـ عد الحداثة فى فلسفة ريشارد رۆرتی، اطروحة دكتوره.

١٩- فؤاد، كامل (١٩٩٣)اعلام الفكر الفلسفى المـ عاصر، دار الجبل، بيروت.

**سێیەم: بە زمانی کوردی**

٢٠- ماگی، برایان (٢٠١٠) مێژووی فەلسەفە، و. عوسمان حەمە رەشید گورون، مەکتەبی بیروهۆشیاری ینك، سلێمانی.

٢١- محەمەد، ئەحمەد عەلی ئەلحاج (٢٠٠٨) فەلسەفەی پەروەردە، و. طه محەمەد ئەمین قەرەداغی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

## Abstract

This research is divided in to three related elements on Dewey's thought, in the bound of liberal democratic society, however, analytically goes beyond Dewey's pragmatic philosophy to elaborate these three elements as one theory. In the first point we read the Dewey's instrumental and naturalistic view which is concentrate on that, the ideas or theories are behave like an instrument to manipulate, changes or develops the real state of human life. Any ideas that cannot behave as an instrument and cannot be used to fix human problems, then cannot be seen as useful for human life. It means that, the ideas and theories are valuable and deserve to preoccupation with until they serve the real state of humanity. Ideas and theories, when they can't be used to change the real state, even if, in appearances look like good and plausible, but practically they are paralyzed and sometime became an impediment. The second topic is Democracy and education. Both together are the central idea in Dewey's thought; mostly, they are functions as two influential instruments to manipulate and develop the real state of life; deserve to think about and use them for positive change the current situation. These two ideas are related to each other and complete one another. As well as, they can push human life to a superior position, because in education, the values and democratic experiences can be transmitted from one generation to another.

As a final point of this research, we suggest that liberalism and freedom of individual in the bound of democratic society are related to this topic, because it is impossible to ignore Dewey's critic of classical liberalism. These critics became the start point of Dewey's pragmatic thought about individual freedom and how they acknowledge its rights and duties inside democratic society. For Dewey this freedom is not unconditional freedom which is promoted in classical liberalism, because it extended to economic monopole, but it is a systematic freedom that individual should realize its right and duties gradually and mutually inside social groups and civil society organizations in the bound of democratic society.

**الخلاصة:**

**فى دراستنا الموسومه ب(الديموقراطية الليبرالية فى فهم ديوى) نسلط الضوء على مجموعة من التساؤلات ذات الصلة باقليم كردستان و آفاقه المستقبلية، لذا يستوجب الت عامل مع هذه التساؤلات بحذر و شفافية و باستراتيجية مدروسة نذكر منها ما يخص النظام السياسى و الديموقراطى والمشاريع المستقبلية فى الدولة الاستقلال و مفاهيم السلطة السياسية والموطنة و بيان الحقوق والواجبات والحريات ال عامة وضرورة فهم الواقع الاجتماعى للاقليم، حيث الت عددية القومية والدينية والمذهبيةفيها الى جانب التوجهات الاخرى، كل ذلك يتطلب مساحة واس عة من الحرية والنظام الديموقراطى.**

**هذه الدراسة، دراسة تحليلية لفسفة الفيلسوف الامريكى جون ديوى البراغماتية، اذ انه و بحكم طبي عة الدراسة لابد من تناول عدة عناصرفى فلسفة ديوى حول المجتمع الديموقراطى اليبرالى حيث لا يمكن الفصل بينهما فى مشروع جون ديوى الفلسفية، و تطرقنا فى المقام الاول الى قراءة وجهة نظره وهو يؤكد على ان الافكار التى لا تساهم فى تحول الحياة البشرية الى الافضل و غير قابلة للتطبيق فى التغير والتقدم لاتستحق وصفها بالافكار الفيدة، هذا و قد يبدو للوهلة الاولى الى ان ب عض الافكار جيدة و منطقية ولكن ما ان تصبح مجال التجربة على ارض الواقع نجدها عاجزة عن الوفاء بمتطلبات الغرض الذى عدت عنه فى الجانب النظرى.**

**هنا لابد من ان نشير الى ان الديموقراطية و لاتربية فكرتين اساسيتين و متلازمتين فى فلسفة جون ديوى وهما ركيزتين فى ركائز التقدم البشرى الايجابى، اذ فى التربية والت عليم ومن خلالهمايمكن زرع بذور السلوك الديموقراطى خاصة فى مراحل التربية الاولية، ففى هذه الرحلة يمثل هذا السلوك لبنة اساسية فى بناء الحس الديموقراطى و عليه سيستمر هذا السلوك و ينتقل من جيل الى اخر ب عده طبي عة انسانية راسخة فى ال عقل البشرى.**

**ولايفوتنا الاشارة الى ان اليبرالية التقليدية لم تسلم من مطرقة ديوى النقدية اذ اصبح النقد البداية الاساسية لفسفته و رؤيته حول مفاهيم الحرية الفية وكيفية م عرفة تفاصيل الحقوق والواجباتللفرد فى المجتمع الديموقراطى، وبحسب ديوى هذه يؤدى الحرية ليست حرية غير مشروطة كما تم الترويج لها فى اليبرالية التقليدية حيث يؤديهذا الشكل من الحرية اى الاحتكار الاقتصادى وجوانب سلبية اخرى فالحرية لديه ممنهجة ويدرك الفرد اسمى واجباتها باسلوب تدريجى وشكل متبادل ضمن نطاق الفئات الاجتماعية ومنظمات المجتمع المدنى فى اطار مجتمع ديموقراطى متحضر.**

**ختاما، دراستنا طرحت مجموعة تساؤلات حول مفاهيم ديوى، مجيبا عنها، ومبينا ال علاقة الوحيدة بينهما بقصد دمقرطة المجتمع ووجدنا مدى تاثير افكار فيلسوفنا على صياغة مبادىء الحرية و الديموقراطية فى المجتمع الامريكى كما يمكن لأى مجتمع يتطلع الى الحرية والديموقراطية أخذ الجد والإفادة من فلسفة ديوى حول قبول الاخر وتنظيم الإختلافات الفردية والايدولوجية فى المجتمع لغرض**